چاپی یەکەم 2016

شادومان و ساماندار بن

مەحمود موعەزەمی

وەرگێڕانی: شاهۆ لەتیف

223
posts
18.5k
followers
7
following
Promote
Edit Profile
Ganjyna
drive google com/folderview?id=1gk8o3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSValbo_
Hawraman, Slemani, As Sulaymaniyah, Iraq
Ktebi_PDF
Directions

شادومان و ساماندارین

مەحموود موعەززەمی

وەرگێڕانی: شاهۆ لەتیف

چاپی یەکەم

٢٠١٨

بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بەخشی ڕێنما
زنجیرە(٧٤٤)

ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: شادومان و سامانداربن
- نووسینی: مەحمود موعەزەمی
- وەرگێڕانی: شاهۆ لەتیف
- بەرگ: ئیبراهیم ساڵح
- شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج
- ساڵی چاپ: ٢٠١٨ سلێمانی
- نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ناونیشان:

سلێمانی ـــ سابونکەران ـــ نێوان گەراجی عوسمانی ئەمین و شوقەکانی ئەکیبە ڕوونە.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣)، (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

چەند پرسیارێك:

- ئایا دەخوازن بە ئاسانی و بەخێرایی دەوڵەمەند بن؟
- ئایا دخوازن هەم شاد بن و هەم بە ئاسانی پارە پەیدا بکەن؟
- ئایا دەخوازن بۆ هەمیشە لە نیگەرانی ئابووری ڕزگارتان ببێت و لە هەژاری و دەستکورتی ڕەهابن؟
- ئایا دەخوازن بەرەو دنیای سەربەخۆی ئابووری هەنگاو بنێن؟
- ئایا دەخوازن بچنە تەبەقەی دەوڵەمەندەکانەوە؟

ئەگەر دەخوازن، پیرۆزبایتان لێ دەکەم، هەڵبژاردنەکەتان دروستە. وانە و ڕێنماییەکانی ئەم کتێبە (مو بە مو) ئەنجام بدەن تا ئەنجامە سەرسوڕهێنەرەکەی بە چاوی خۆتان ببینن.

مەحاڵە مرۆڤێك، خێزانێك، میللەتێك، بیەوێت بگۆڕێت و بەرەو باشتربوون هەنگاوبنێت، خوای گەورە بەمیهرەبانی خۆی یارمەتی نەدات. ئەو شێوازە من بۆ بەیانکردنی بابەتەکانم هەڵمبژاردووە شێوازێکە بەناوی: (ئەکسلەرەیند لێرنینگ

accelerated learning) بە کوردی واتە: فێرکاریی خێرا. لەم شێوازەدا من زۆر پرسیار دەکەم، بۆچی پرسیار دەکەم؟ لە زمانی ئینگلیزیدا دەستەواژەیەک هەیە کە دەڵێت: (question hook the maind) واتە: (پرسیار لە مێشک وەکوو قولاپ گیردەبێت). ئێستا ئێوە هەر بابەتێک کە پێتان خۆشە دەتوانن بیری لێبکەنەوە، هەر بابەتێک بێت ئازادن..

- بیورەنەمری چەند شەمەیە؟

ئایا ئێستا ئێوە بیر لەو بابەتەی پێش پرسیارەکەی من دەکەنەوە؟ بێگومان نەخێر، بۆچی؟ چونکە من پرسیارم لێکردن، هەر کاتێک پرسیارتان لێبکرێت مێشکتان لە هەموو بابەتێک دادەبڕێت بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدانەوە. کەسانی سەرکەوتوو ئەو کەسانەن کە پرسیاری باش و پرسیاری گەورە لە خۆیان دەکەن، ئەو نەتەوە و میللەتانە سەرکەوتوون کە پرسیار گەورە و پڕ بەها لە خۆیان دەکەن، کەوانە ئێوەش بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن پرسیاری باش لە خۆتا بکەن.

خاڵێکی تر کە داواتان لێ دەکەم بیکەن: دووپاتکردنەوەیە، بۆچی دووپاتکردنەوە؟ بۆئەوەی بابەتەکان لە مێشکتاندا جێگیر بێت. بۆچی من شێوازەی فێرکاریی خێرام هەڵبژاردووە؟ چونکە ئێوە پارەتانداوە و کاتتان تەرخانکردووە و دەتانەوێت لەم بابەتەوە

شێنکی بەکەڵك و تازە فێر بین، ئایا ئامادەن بۆ گۆڕانکارییەکی قوڵ لە ژیانتاندا؟

ئەم کتێبە کۆمەڵێك شێواز و ڕێگەی نوێ و کاریگەرە کە ئەگەر (مو بە مو) ئەم کارانە ئەنجام بدەن؛ دەتوانن بۆ هەمیشە چارەنووسی ئابووریتان دیاری بکەن و ئەم کارەش لە ١٠٠٪ ئەنجامی هەیە چونکە من خۆم ئەم کارانەم ئەنجامداوە و ژیانم زۆر گۆڕاوە ئەم کتێبە لێوانلێوە لە بابەتی چارەنووسساز و بەسوود، لە بوارەکانی پارە، سەرمایە، دەروونناسی سەروەت و سامان، کارگێڕی، دەرامەت و داهات، دارایی و خەرجی.. هەر کەسێك کە دەیەوێت لە ئێستاوە ڕۆڵی ئابووریی ژیانی خۆی لە دەستی خۆیدا بێت، زۆر گرنگ و پێویستە ئەم کتێبە بخوێنێتەوە و ڕێنماییەکانی بە کردار (مو بە مو) ئەنجام بدات.

هەروەها سوپاستان دەکەم بۆ ئەو ئازایەتییە ئەخلاقییەی لە خۆتان نیشانتانداوە و دەتانەوێت لە خۆتان بونەوەرێکی باشتر دروست بکەن، بە دڵنیاییەوە مەحاڵە خەڵکانێك بڕیارێك بدەن و کات دابین بکەن و پارە بدەن بۆ ئەوەی لە ژیانیاندا گۆڕانکاریی بکەن و خواگەورە پاداشتیان نەدات، لە دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە دڵنیام تۆ دەبیتە کەسێکی دیکە، چونکە ئێوە بە کڕین و خوێندنەوەی ئەم کتێبە لە ئاوچەی ئەمنی خۆتان

هاتوونەتەدەرەوە و دەتانەوێت بگۆڕێن و لەگەڵ خۆتاندا ڕووبەڕوو ببنەوە.

سەرەتا دەبێت بزانین ئەو هۆکارانەی چین کە دەبنە هۆی سنووردارکردنمان لە باوە پەیداکردندا؟ ئەمڕۆ ڕۆژێکە کە ئێمە لەگەڵ خۆمان ڕووبەڕوو دەبینەوە و چەنوچوون دەکەین.. من تکاتان لێدەکەم چاوەنووسی تابووریی خۆتان بگۆڕن، ئەتەوەی سەرکەوتوو، ئەتەوەی ساماندار، ئەتەوەیەکە کە تاکەکانی ساماندارن، ئەك دەوڵەتەکەی، ئێوەش ئەگەر دەتانەوێت وڵاتەکەتان ئاوەدان و پێشکەوتوو و ساماندار بێت، دەبێت تاکەکانی سامانداربن.

ئێمە لە مێژووی دێرینماندا قۆناغێکی زێڕینمان هەبووە کە لەو قۆناغەدا ئەبو عەلی سینا، حافزی شیرازی، سەعدی شیرازی، مەولانا، فیردەوسی و زەکەریای ڕازی و زۆرێکی تر، ئەم پیاوە مەزنانە مێژووی ئێمەیان دروستکردوە. ئەم قۆناغەش بەقۆناغی زێڕینی ئیسلام ناودەبرێت، قۆناغێك بوو کە حکومەتی ئیسلامی سامانداربوو، زانایان و توێژەران بۆ ئەوەی بخوێنن پێویستیان بە پارە نەبوو، چونکە زانکۆکان ئازاد بوون، هەرکەس حەزی لە خوێندن هەبوایە، دەیتوانی بخوێنێت و فێر بێت، چونکە ئەوان ساماندار بوون.

سەعدییەکان و حافزەکان و مەولاناکان و فیردەوسییەکان، لە نێو نەچوون، ئێستا ئەوان لە نێوان ئێمەدان، ئەمانە دروست دەبن، کەسێك کە دەستکورت بێت و هەموو ڕۆژێك بیر لە سەری مانگ و مووچە و کرێ بکاتەوە، بیر لە قیست بکاتەوە، دەرفەتی نابێت بیربکاتەوە و گەشە بکات.

ئێستا ڕۆڵەکانی ئێمە دەچن بۆ ئەمریکا و لە دەزگای ناسا زۆرترین ئیش بەدەستەوە دەگرن. سامانی ئێرانییەکان لە ئەمریکا و کەنەدا، چەندین ملیارد دۆلار دەبێت. ئەگەر ئەوان بڕیار بدەن و بگەڕێنەوە بۆ ئێران و سامانەکانیان بخەنەگەڕ، لە ناکاو ئێران دەگۆڕێن. سامان شتێکی زۆر باشە و لە کۆتایی ئەم کتێبەدا هەمووتان دەگەن بەم باوەڕە!

بە گشتی مرۆڤ حەزی لە گۆڕان نییە، مرۆڤەکان زۆر سەخت دەگۆڕێن، کە دەڵێم مرۆڤەکان، مەبەستم (هەموومانە) واتە من و تۆ و هەموو خەڵکێك. دە ساڵ لەمەوبەر من بڕیارمدا سەبارەت بەدەوڵەمەندی و سەروەت و سامان لێکۆڵینەوەیەك بکەم، لەگەڵ زۆرکەس ئاشنابووم هەندێکیان زۆر قسەیان دەکرد و هەندێکیشیان زۆر یارمەتییاندام، من بووم بەقوتابی ئەو کەسانە، کاتێك لە سیمینارێکدا دانیشتبووم و گوێم لەوکەسە دەگرت کەسەبارەت بە سامان قسەی دەکرد و لانی لێدەدا و دەنگی بەرزدەکردەوە.. دەمگوت ئەم کابرایە کەسێکی ماددییە و نازانێت مەعنەوییەت

چیبه! بەڵام چونکە من قوربانی بووم، گوتم کاکە خۆ من پاوەم داوە بادانیشم گوێ بگرم، بزانم چی دەڵێیت، دواجار گوتم ئەم کەسە جەنەن شتێکی پێیە بۆ گوتن، بۆیە دانیشتم و گوێم گرت، کاتێك زانیاریی و دۆزینەوەکانم بەکارهێنا لە ماوەی سێ ساڵدا یەك ملیۆن دۆلار پارەم پەیدا کردا پرسیارم لەخۆم کرد: باشە چەندساڵ لەمەوبەر بۆچی ئەمەت نەکرد؟ بۆچی ئەوەندە ژیانت بەفورس گرتبوو؟ پارە پەیداکردن زۆر لەوە ئاسانتربوو کە من بیرم لێدەکردەوە!

ئێستاش من چاوەڕێی ئەوەناکەم هەرچی من دەیڵێم ئێوە خێرا باوەڕ بکەن، یان هەرچی دەیڵێم ئێوە کاری پێ بکەن.. بەڵام من داواتان لێدەکەم کاری پێبکەن و باوەڕیکەن تا ئەنجامەکەی ببینن! ئەگەر لەبەرخاتری خۆتان نایکەن تکادەکەم لەبەرخاتری منداڵەکانتان، لەبەرخاتری خێزانەکانتان، لەبەرخاتری شارەکەتان، لەبەرخاتری یور و باوەڕتان و لەبەرخاتری دنیایەکی باشتر، بۆ باشترکردنی ژیانتان کارێك ئەنجام بدە. ئێمە زۆر زیاتر لەوەی کە پێویستە شت دەزانین بەڵام کەمتر لەوەی کە پێویستە کاری پێ دەکەین، من داواتان لێ دەکەم کار بە زانیارییەکانتان بکەن.

بەداخەوە یەك ساڵ دوای ئەوەی ئەو یەك ملیۆن دۆلارەکەم دەستکەوت، چونکە ئەزموونی زۆرم نەبوو بە هۆی ئەو هەڵانەی کە کردم، ئەو پارەیەی کە بەدەستم هێنابوو، ئەتنیا بوو بەدوو

هێندە! بەڕاستی بەداخەوەم، کەمێک زیاتر ئاگام لەخۆم بوایە زۆر زیانم دەست دەکەوت.

دڵنیام ئێوەش حەزدەکەن لەدوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە بەدەستی پڕ بگەڕێنەوە. دەستی پڕ واتە چی؟ دەستی پڕ واتە ئەم شێوازانەی کە من بێتانی دەڵێم ناچارنین درخی بکەن، بەڵکوو تەنیا جێبەجێی بکەن، هەرلەبەر ئەمە من زیاتر پرسیارتان لێدەکەم. بۆچی؟ لە زمانی ئینگلیزیدا دەڵێن: (question hook the main) واتە: (پرسیار لە مێشک گیر دەبێت.)

با پێکەوە ئەم بارییە ئەنجام بدەین: حەزتان لە چییە بیری لێبکەنەوە...

ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە: سبەینێ چەند شەممەیە؟ چونکە پرسیارتان لێکرا ئیتر ناتوانن بیر لەو بابەتەی پێشوو بکەنەوە، پرسیارکردن مرۆڤ دەرگیر دەکات، پرسیارکردن مرۆڤ دەخاتە ناو ڕووداوەکانەوە، ئێوەش پرسیار لەخۆتان بکەن: (بۆچی من دەبێت دەرامەتم ئەوەندە بێت؟ بۆچی زیانم نەبێت؟ بۆچی خۆشحاڵتر نەبم؟ بۆچی زیاتر هاوکاری نەکەم؟ بۆچی تەنیا داوابکەم؟ بۆچی نەبەخشم؟) پرسیار لەخۆتان بکەن، ئەم مێشکە هۆشیارەی ئێوە و ئەم سروشتە گەورەیە و بەدیهێنەرەکەی فێرتان دەکات چی بکەن.

من لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی عێراق و ئێراندا کار و کاسبیم شکستی هێنا، چونکە من نیشی پارچەی سەیارەم دەکرد، بەنزینیش کەمی کردبوو، من هیچم نەبوو بیفرۆشم، ئەسڵەن کەس شتی لێ نەدەکریم، زۆر قەرزار بووم و بەتەواوەتی ئفلاسم کرد، هەربۆیە بڕیارمدا قەرش و کەلوپەلی ناومالەکەم بفرۆشم و پارەی ئەو خەلکە بدەمەوە کە بۆ سەرمایەگوزاری لای من دایاننابوو، خۆشبەختانە پێویستی نەکرد و قەرزەکانم گەڕاندەوە.

ساڵی ١٩٨٢ من بە بیست هەزار ئەمەن کە ئەوکات دەیکردە هەزار دۆلار، چەند کارتۆنێك لایتی سەیارەم هەبوو فرۆشتنم، ئەوکاتە نزیکەی هەزار دۆلاری دەکرد، من بەو پارەیە کۆمپانیایەکم دانا بەناوی (کۆمپانیای بازاڕی ئەلکترۆنیك)، کە هێشتا ئەو شوێنە نوسینگەی منە، پاشان ئەو موڵکەم کری، (کۆمپانیای بازاڕی ئەلکترۆنیك) بەو بەرنامەیەی بۆمدانا لە ماوەی کەمتر لە پێنج ساڵدا بوو کۆمپانیایەکی گەورە لەسەر ئاستی جیهاندا، حەوت ساڵ دوای ئەوە، واتە کاتێك دوانزە سیانزە ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا تێپەڕی، کۆمپانیای بێست پاوەر تەکنۆلۆژی ئەمریکی (best powr technology) هات ویستی کۆمپانیای بازاڕی ئەلکترۆنیك بکڕێت، پێتانوایە ویستی بەچەند بیکڕێت؟ (سێ ملیۆن دۆلار!) ویستی لە سەدا پەنجاوەکی کۆمپانیاکە بکڕێت بە یەك ملیۆن و پێنسەد هەزار دۆلار،

هەروەها پێنجسەد هەزار دۆلار نیمنیبار بدات و کارگەیەکی وەبەرهێنان بهێنێتە ئێرانەوە، کاتێك من ئەمانەم بە هاورێکانم دەگوت، دەیانگوت گاڵتەمان لەگەڵ مەکە! بەداخەوە لەو کاتەدا وڵاتەکەمان ئامادەی سەرمایەگوزاری نەبوو، منیش ئەزموونێکی ئەوتۆم نەبوو نەگبنا ئێستاش هەر ئەو کارەم دەکرد.

من گەنجێك بووم کاتێك دەستم بەمکارە کرد تەنیا دەمزانی چیم دەوێت، لەسەرەتابشەوە زیانم هەر ئاوا بووە، وانە کەسێك نەبووە بێت و بارمەتیم بدات، تەنیا بەبیرکردنەوە و بەرنامە و بەدواداچوون، لەگەڵ باوەر و ئیمان بەوەی کە دەتوانم، ئەگەر من بە ئێوە بڵێم ئەمکارە ئەنجامیدەن دەبێت، بزانن کە دەبێت، چونکە من ئەم کارەم کردووە، من قسەی ناو (کتێب)ـان بۆ ناکەم، کتێبی من ژیانمە، هەرچەندە شێوازە زانستییەکان دەگرمەبەر بۆ ئەوەی چەند بەڵگەیەکتان بۆ بهێنمەوە کە هەمیشە بتوانن سوودی لێوەربگرن، هەرکاتێك ویستنان و بریارتاندا ژیانتان بەتەواوی دەگۆڕێت.

رۆژێکیان لەگەڵ شەریکەکەمدا لە (دوبەی) پیاسەماندەکرد، لەپڕمە گەنجێك هاتە بەردەمان و گوتی: "سڵاوم هەبە" گوتم: "سڵاو گیانەکەم فەرموو!" گوتی: "تۆ من دەناسیت؟" کەمێك تەماشامکرد بێنیم غەریب نەبوو لەلام، گوتی: "تۆ رۆژێك لە یەکێك لە سیمینارەکانتدا بە منت گوت تۆ دەبێت بە ملیۆنەر"

کەمێك بیرمکردەوە و گوتم: "بەڵێ راستدەکەیت شتێکی وام لەبیرە" گوتی: "تۆ حەڵبەت بەرێز موعەزەمی، من ئەووم بە ملیۆنەر.. من ئێستا ملیاردێرم!" گوتی: "ئێستا نوسینگەم لە (لەندەن و دوبەی و تیۆرك)هەیە! سەرکەوتنی ئەو گەنجە بە یەك هۆکار بوو، تەنیا (بەناگا) هاتەوە، هێزی دەروونی خۆی دۆزیوەتەوە و باوەری بە خۆی کردووە، ئەمەش ئەوشتەیە کە دەبێت ئەمرۆ لە من و تۆدا ڕوویدات و لەوەش گرنگتر بۆ منداڵەکانمانی بگوێزینەوە. هاوکاری بکەین وڵاتەکەمان ببێت بە (بابل) بابل لەکاتی خۆیدا دانیشتوانەکەی لەسەدا یەکی جیهانبوون، بەڵام لەسەدا نەوەدوپێنجی سامانی ئەوکاتە تەنیا لە شاری بابل بووا ئەمەش ڕێکەوت نییە، دڵنیابن ئەمە ڕێکەوت نییە، پادشای بابل فەرمان دەدات بە چەند کەسێکی بسپۆڕ کە بڕۆن گەنجان و تاکەکانی کۆمەڵگە فێر بکەن چۆن ساماندارین، ئەمەش ئەوکاتەیە کە پشت بە خوا ئەگەر حکومەتەکەمان کردی زۆر باشە، ئەگەر نەیکرد خۆمان دەیکەین، ئێمە دەبێت بەرپرسیاریتی قبووڵ بکەین، کارێك بکەین وڵاتەکەمان ئاوەدان ببێتەوە و دەوڵەمەندتر بێت.

بەرلەوەی بچینە ناو بابەتەکەمانەوە چەند پێشنیازێکتان بۆ دەکەم: من لە ئەواوی (کۆر و سیمینار و وۆرکشۆپ)ەکانمدا دوو خاڵ سەوجی ڕاکێشاوم بە تایبەتی سەبارەت بە سامان، کەسانێك

خانوون لە تەنیشت یەکەوە دانیشتوون دوای یەک ساڵ یەکێکیان دەوڵەمەند دەبێت و ملیۆنان دۆلار پەیدا دەکات و ئەوەی تەنیشتی هێشتا هەر موحتاجە و بەدوای کەسێکدا دەگەڕێ کە هەموو تاوانەکانی بخاتە ئەستۆی ئەوا دەوڵەت و هەلومەرج و ئاسمان و ڕێسمان.. ئەمانە بۆ هەمووان وەکوو یەکە، لە خراپترین هەلومەرجدا کە من خەریکم دەناڵێنم، هەندێک خەریکن زەواج دەکەن، هەندێک خەریکن باخ دەکڕن، هەندێک خانوو دەکڕن.. خەڵکیش هەیە دەڵێت کاکە بێچارە بووم و تەواوی ژیانم و خانووەکەیشم فرۆشت، کێ کڕیی؟! تۆ هەوڵبدە کەسێک بە لەوانەی دەیکڕن، نەوەک ئەوانەی دەیفرۆشن.

پرسیاری من لێرەوە ئەمەیە: (سەرەکی ترین کاری مێشک چییە؟) ڕەنگە پێتان وا بێت کاری مێشک بیرکردنەوە، بەرنامەدانان، لێکۆڵینەوە، بڕیاردان و شیکردنەوە و بەڕێوەبردنە.. بەڵام کاری مێشک یەکشتە: مێشکی تۆ لەبەیانییەوە تا ئێوارە ئیش دەکات بۆ ئەوەی هەر بەو شێوەیەی کە هەن بتانهێڵێتەوە! ئەم باروودۆخەی ئێستا هەتە مێشکت بەڵگەی بۆ دەهێنێتەوە: (بەڵێ.. من نابێت ئەم کارە بکەم چونکە ئەگەر ئەم کارە بکەم زۆر ترسناکە، من ئەم کارە بکەم ئابڕووم دەچێت، مێشکی تۆ هەموو جۆرە پاساوێک دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی نەجووڵێیت و هەر لەجێگەی خۆتدا بمێنیتەوە..!) ئیشی مێشکت

ئەوەیە زیندوو بتهێڵێتەوە، ئیشی مێشکی ئێوە ئەوەیە هەر لەو شوێنەی کە هەن بتانهێڵێتەوە بۆ (مانەوە- بقا) هیچ کام لەم شتانەش یەکەڵکی سەرکەوتن نابەن، دەبێت فێربین سوودی تازە لە مێشکمان وەربگرین، ئەسڵەن بەکەڵک نایەت تۆ هەر بەو شێوەیە بیت کە هەیت، چونکە پێشناکەویت، هەر لەبەر ئەمەشە مرۆڤەکان ناگۆڕێن، چونکە مێشکیان بەرگری دەکات، ئێمە دەبێت وا لە مێشکمان بکەین ڕێگەی نوێمان پیشان بدات، ئەمەش چۆن دەکرێت؟ چۆن بتوانین وا لە مێشکمان بکەین بە جۆرێکی تر بیر بکاتەوە؟ پرسیار بکە! هەر کات پرسیار بکەیت مێشکت لە بازنە ئەمنیەتی خۆی دێتە دەرەوە، هەر ئەوەندەی پرسیار بکەیت مێشکت لە حاڵەتی بەرگری دێتە دەرەوە، مێشکی ئێمە دەبێت لە خزمەتی ئێمەدا بێت و سوودی لێوەربگرین بۆ پێشکەوتن، من لە سیمینارەکاندا بەرنامەیەکم ئامادەکردووە بەناونیشانی (ئارترۆزی بیرکردنەوە،) ئارترۆزی بیرکردنەوە چییە؟ ئارترۆز نەخۆشییەکە کە تووشی جومگەکان دەبێت، ئەی جومگەکان ئیشیان چییە؟ جوڵە و چالاکی، کاتێک ئارترۆز تووشی جومگەکان دەبێت، وایان لێدەکات ئیتر نەتوانن بە باشی ئیشی خۆیان بکەن، من لێرەدا وشەی (ئارترۆز) بەکار دەهێنم بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکەیە، ئارترۆزی جەستەیی، عادەتەن لە سەرووی تەمەنی ٤٠ بۆ ٥٠ ساڵییەوە ڕوودەدات، بەڵام ئارترۆزی

بیرکردنەوە دەکرێت لە منداڵییەوە ڕوویدات، نارنرۆزی بیرکردنەوە بانی چی؟ بیرکردنەوەت بۆچی دروست بووە؟ بۆ داهێنان، بۆ تازەگەری، بۆ گۆڕان، بۆ هێنانە ئارای باروودۆخی نوێ، بۆ کەشف و دۆزینەوە دروست بووە. بەڵام ئێمە ئەم کارە ناکەین! هەرکاتی بانەوێت کارێك، داهێنانانێك، کارێکی فکری بکەین سەرمان دەیەشێت! مێشکمان دەئاوسێت! چونکە نارنرۆزمانگرتووە.

دەبێت فێرببین گۆڕانکاری بەدیبهێنین، تکایە هەر ئێستا سەری خۆت بەلای ڕاست و چەپدا بجوڵێنە و سەیری کەسانی دەوروبەرت یان ئەوشتانە لە دەوروبەرتن بکە وەك: تەلەفون، کورسی، مێز، گوڵ، درەخت، بشیلە.. هتد ئێوە ئێستا بەم کارەتان گۆڕانێکتان دروستکرد، کارێکتان کرد کە ڕانەهاتبوون لەسەری! ئەمە بانی چی؟ تازەگەری.. داوا لە مێشکتان بکەن تازەگەری بکات.

ئێمە لە دنیایەکدا دەژین کە پێکهاتووە لە دنیایی دوانەیی (duality)، یاخود دوفاقی، کاتێك من دەڵێم (ڕەش)، لە مێشکی ئێوەدا (سپی)یش هەیە، واتە ئێمە سەیری هەر شتێك بکەین دوانەیە بۆ نموونە: بەرز و نزم، گەورە و بچووك، شەو و ڕۆژ، شاد و غەمگین، تەمرۆ و سبەی، پڕ و خاڵی.. هتد، ئێمە هەموو شتێك بەشتێکی تر بەراورد دەکەین، هەژاری بە دەوڵەمەندی، کەواتە هەر شتێك دیار بوو بەرانبەرەکەی نادیارە، بۆ هەر شتێکت بوێت لە ژیاندا: تەندروستی، سامان، شادی،

بەختەوەری، خۆشەویستی، ئارامی، سەرکەوتن، ئاوبانگ.. هتد، تەواوی ئەمانە لەکام دنیادان؟ ئەوەتان لە دنیای فیزیکی، وانە دنیای ماددیی دەوروبەرمان، دەبێت بشزانین کە ئەم دنیای فیزیکی و مادییەمان لە دنیایەکی دیکەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەویش دنیای نادیارە.

درەختێك لەبەرچاو بگرە تۆ دەچیت میوەکەی لێدەکەیتەوە وەدەبۆیت، دەبینیت تامی ناخۆشە، تفت و تاڵە، میوەکانی وردە، کرمۆڵە، وشکە، پوچە.. تۆ وەك مرۆڤێکی عاقڵ چی دەکەیت؟ ئایا دەڕۆیت میوەی باش دەهێنیت و بەو درەختەوە هەڵیدەواسیت؟ یان چی لێدەکەیت؟ ئێوە دەزانن ئەو میوەیە بەرهەمی دوو شتە:

١ـ (ڕەگ) وانە: یان خاکەکەی باش نیبە یان پەین و ئاوی نیبە یان ڤیتامینەکانی کەمە.

٢ـ یان ئەوەتا هەر لەسەرەتاوە(تۆو)ەکەی باش نەبووە، چونکە میوە، بەرهەم و دەرەنجامە.

هەیە دەڵێت: پارەم نیبە، خۆشحاڵ نیم، لەگەڵ منداڵەکەم کێشەم هەیە، لەگەڵ هاوسەرم خەریکە جیا دەبینەوە، هەوڵ و تەقالامە بۆ زیندوو مانەوە، دڵم نەخۆشە، گورچیلەم لە تیشکەوتووە، خەریکە هاوڕێکانم لەدەست دەدەم.. ئەمانە هەمووی دەرەنجامن، هەمووی بەرهەمن، ئەمانە خۆیان کێشەنین،

کێشە لە کوێدایە؟ لە (ڕەگ)دایە، کێشەکە لە شوێنێکدایە کە ئێمە (نایبینین)، هەر بۆیە ئێمە بە هەڵە هێرش بۆ میوەی دەهێنین دەمانەوێت میوەکە چاك بکەین! هەندێك لە گەنجەکانمان موعتاد و سەرلێشێواون، ئێمە هەر دەمانەوێت چاکیان بکەین، شۆفێر خۆی نابەستێتەوە سزای دەدەین، منداڵ ناخوێنێت ئیلای بۆ هەڵدەگرین، مامۆستای بۆ دەگرین.. بەڵام بە خۆمان ناڵێین: بابە پەلاماری ئەمانە مەدە، ئەمە بەرهەمە، دەرئەنجامە.

ئەگەر ئێمە دەڵێین: بۆچی من پارەم نییە؟ بۆچی من کەسێکی هەژارم؟ بۆچی لەوەی کە پێویستە زیاترم هەیە و هێشتا دڵشاد نیم، هەناسەی ئاسوودەیی هەڵناکێشم.. لەبەر ئەوەیە کە ئاگامان لە دنیایەکی دیکە وانە دنیای نادیار نییە، بابەتەکەمان لەم کتێبەدا ئەمەیە: (شادومان و ساماندار بە) هەروەها (دەروونناسی سامان و بەڕێوەبردنی پارە و دەرامەت)، سەروەت، شادومانی، تەندروستی، کێشی گونجاو، خێزانی ئاسوودە، هاوسەر و منداڵی باش، پەیوەندی باشی ژنومێردایەتی، هاوڕێیەتی.. هەموویان (دەرئەنجام)ن، کارتان بەسەر (ئەنجام)ەکانەوە نەبێت، بچن بۆ (ڕەگ)ەکان، بۆچی من لە بەیانییەوە تا شەو ئیشدەکەم و پارەم نییە؟ بۆچی بەیانی تا ئێوارە هەوڵدەدەم هەرچی بەیدا دەکەم بەردەوام دەبێت پارەکانم بدەمەوە بە قیست و قەرز و چاوەڕوانیم تا مانگی داهاتوو؟ بۆ نموونە: دەمەوێت لە سیمینارێك یان لە

خولێکدا بەشداریی بکەم، دەبێت پارە بدەم، بەڵام پارەم بێ نیبە و نیگەرانم.. بۆچی نیمە؟ لە سەدا هەشتای خەڵکی نا کۆتایی ئەمەنیان لە تواناکانی خۆیان بێناگان، لە سەدا هەشتای خەڵکی نا کۆتایی ئەمەنیان کێشەی ماددییان هەیە، لە سەدا هەشتای خەڵکی نا کۆتایی ئەمەنیان ئەسڵەن نازانن چ توانا و دەسەڵاتێکیان هەیە! پرسیار لە خۆیان ناکەن فڵانە کەس بۆچی ئەوەندە سەروەتی هەیە، هاوپۆل بووین و من لەو زیرەکتریش بووم، بۆچی ئەو سەرکەوتووە و من سەرکەوتوو نیم؟ نازانێت، ئەسڵەن نازانێت!! تێشی نەگەیشتووە کە ئەمەیە بگۆڕین، ناگادارین و بەشێک نەبین لەو لەسەدا هەشتایە، ڕۆژێك نەیەت ئەمەمان کۆتایی پێ بێت و بڵێین ئەسڵەن خۆشبەختی چی بوو؟ ئێمە لە وتەی گەورەکاندا، ئەمە زۆر دەبیستین:

"ساڵانێك دڵ داوای جامی جەمی لێدەکردین، ئەو شتەی کە خۆی هەبوو لە بێگانەی داوا دەکرد!"

(مەولەوی جلالدین)

"ئەمەنی گرانبەهام لەوەدا بەسەرچوو کە هاوینان چی بخۆم و چی بپۆشم بۆ زستان" (سەعدی شیرازی)

واتە هەموو ئەمەنی خۆی لەوەدا بەسەر بردووە کە هاوین چی بخوات بۆ زستان چی لەبەر بکات!

جا خوا ئەمە ژیانە؟! ژیان ئەمە نییە، ئێمە بۆ ئەمە دروستنەکراوین، ئێمە پاشای جیهانین، بەڵام سەرەتا دەبێت بە ئاگا بێینەوە.

"ئاو لە گۆزەی ماڵەوەمانە و ئێمەش بە تینوێتی دەراوەی بۆ دەگەڕێین، یارەکەیشمان هەر لە ماڵەوەیە کە چی ئێمە بێئاگا هەر لە دەرەوە بەدوایدا دەگەڕێین!" (مەولەوی جەلالەدین)

ئێمەی مرۆڤ لە چوار دنیادا دەژین:

١ـ دنیای بیرکردنەوە، ٢ـ دنیای هەست، ٣ـ دنیای مەعنەوی، ٤ـ دنیای ماددی. بەڵام ئێمە بەردەوام لەدنیای (مادی)دا دەجوڵێین و پێمان وایە دەبێت لێرەدا شتەکان ڕوو بدەن، هەربۆیە لەشوێنێکی هەڵەدا خەریکین ئیش دەکەین و ئەنجامەکەشی هەڵە دەبێت.

من و ئێوەش لەم چوار دنیایەدا دەژین، ئێستا بابزانین ئەو شتانەی کە ئێمە دەمانەوێت لەکام دنیایەدایە؟

بۆنموونە من دەمەوێت شاد و خۆشحاڵ و دەوڵەمەند بم، یان چەند ئارەزوویەکم هەیە و هەوڵ دەدەم دەستەبەریان بکەم، سەرەتا دەبێت بزانم چۆن دەگەم بەخواستەکانم؟ گەیشتن بە خواستەکان چوار قۆناغی هەیە: ١ـ هەموو شتێك سەرەتا بە (بیرکردنەوە) دەست پێ دەکات. ٢ـ پاشان فکر دەگۆڕێت بۆ (هەست).٣ـ پاشان هەست دەبێت بە (ڕەفتار). ٤ـ پاشانیش ڕەفتاریش دەگۆڕێت بۆ (ئەنجام). ئێمە کە لەدنیای (ماددی)

دەژین، دەبێت بزانین کە دنیای (ماددی) دەرەنجامی (سێ) دنیای دیکەیە، هەر شتێك ئێمە لەدنیای ماددیدا ئارەزووی دەکەین، لە سێ قۆناغی پێشووترەوە دێت، ئێمە نابێت لێرەدا راوەستین و لە کەمی پارە و خراپی دۆخی ژیانمان بۆڵەبۆڵ بەسەر ژن و منداڵەکانمان و دنیادا بکەین. دەبێت بڕۆین لە (بیرکردنەوە)وە دەست پێ بکەین. مەگەر ئێمە نازانین ئەگەر بیر لە سامان بکەینەوە هەستی سامانداری بەدی دێت، پاشان ڕەفتاری ساماندارانە و پاشان ساماندار دەبین؟ ئەی بۆچی نایکەین؟ ڕەگی ئەم ڕەفتارانە لە کوێدایە؟ ڕەگی ئەم فکر و ڕەفتارانە لە بیرکردنەوە و باوەڕەکانماندایە، واتە ئێمە تەنانەت بیرکردنەوەکانیشمان لە پێشەوە دیاری کراوە! هەندێك کەس دەڵێن: کاکە من تا شتێك نەبینم قبوڵی ناکەم، یانی چی؟! دەڵێن هەر ئەم دنیایە هەیە ئیتر! وەڵامەکەی زۆر سادەیە: بۆچی خۆت عەزیەت دەدەیت و بارەی کارەبا دەدەیت؟! مەگەر کارەبا دەبینیت؟ بۆچی ناچینە بەر هەتاو، کاتێك دەڵێن ئەگەر بچیتە بەر هەتاو شێرپەنجەی پێست دەگریت؟ گوێ مەگرە برۆ، خۆت زەرەد دەکەیت! زۆر شت هەن کە ئێمە نایان بینین، مانای ئەوە نیە کە بوونیان نییە، ئەمانە کۆمەڵێك راستین کە لە ژیانی مرۆڤەوە هاتوونەتە دەر.

سەرەتا دەبێت بزانین کاڵای بیرکردنەوە چییە؟ کاڵای بیرکردنەوە وزەیە و هەستیش وزەیە و ڕەفتاریش دیسان وزەیە، واتە ئەگەر وزەت نەبێتە ڕەفتارت نییە (لە سیمیناری بۆچی دەبێت چاوەکانمان بشۆرین)ە بە وردی باسی ئەمەم کردووە کە ئەوە (وزەیە دەگۆڕێت بۆ مادە)ە واتە ئێمە وەکوو ڕیاکنۆزێکی ئەتۆمی واین کە وزە دەگۆڕین بۆ مادە، ئێمە هەرکات بمانەوێت دەتوانین بیرکردنەوەمان بگۆڕین بۆ مادە، تۆ هێزێکی وات هەیە! سوودی لێوەربگرە.

کەواتە ئەگەر پارەت کەمە، ئەگەر خۆشحاڵ نیت، ئەگەر ژیانت ئارام نییە و لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانت گرفتت هەیە، مەڵێ هاوسەرەکەم، منداڵەکانم، دەوڵەت، دنیا.. خراپە، بیرکردنەوەت هەڵەیە بەڵام ئەم بیرکردنەوانە لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە؟ لەو باوەڕ و بەرنامە زیهنیانەی کە لەمنداڵیدا هەمانبووە.

کەواتە: (بۆ گۆڕینی دنیای دەوروەمان، دەبێت دنیای ناوەوەمان بگۆڕین) بە سەرنجدان لەم بابەتە تۆ ئەگەر پێنج خولەک گوێ لە قسەی خەڵکانێک بگریت، یەکسەر دەزانیت ئەخشەی زیهنی ئەو کەسانە سەبارەت بە سامان چییە؟ من کاتێک مرۆڤەکان دەبینم دەتوانم پێشبینی بکەم چەندێک ساماندار دەبن،

جۆنجۆنی؟ سەیری بیرکردنەوەکانی دەکەم کە چۆن بیردەکاتەوە؟ هەستی چۆنە؟ ڕەفتاری چۆنە؟

ئامانجی من لە نووسینی ئەم کتێبە بۆ ئەوە نییە کە ئەم بابەتە ڕوون بکەمەوە و تێر تەواو، تا من بە فیعلی دەمەوێت بارمەتیتان بدەم بیرەوشێنەوە، و شاد و ساماندار بن، چونکە من کاتێک سەرکەوتووم کە ئێوە ساماندار و شاد و سەربەرز بن.

ئەو کەسانەی کە هەژارن، هاوڕێی من نین، من ناڵێم کەسانێکی خراپن، لە بیرتان بێت لەم کتێبەدا تا کۆتایی من هەمیشە بە خراپە باسی هەژاریی دەکەم، لە بیرتان بێت من بە خراپە باسی هەژاران ناکەم، هێرش دەکەمە سەر هەژاریی، نەك هەژاران، چونکە هەژاران قوربانین و بەرهەمی کۆمەڵێك باوەڕ و بیرکردنەوەی هەڵەن، هەژاری شتێك نییە شانازی پێوە بکەیت.

هەژارییەکمان هەیە کە بە داخەوە خراپ لای ئێمە بە هەڵە کەوتووەتەوە: ئەویش موحتاج بوونە بە ئاگایی و ناسین، کە هی عاریفەکانە، ئەوان مەبەستیان هەژاریی مادیی نییە، ئەواری عاریفەکان ساماندار بوون، واتە بەشی خۆیان پارەیان هەبوو، بەڵام بە بەرنامە خەرجیان دەکرد بۆ ئامانجەکانیان، لەم حاڵەتە ڕەوتە دەروە کە شانازی بە هەژارییەوە بکەن، هەژاریی شانازی تیا نییە، ئێستا سەیر بکەن، ئێمە لە ئەواری بوون و زەینماندا، لە سەری یەك بە یەکماندا، نەخشەیەك هەیە، نەخشەیەك و

پەیوەندییەک لە نێوان پاره و زەینی ئێوەدا هەیە کە سەرجەمیان پێناسەکراون، تەواوی ئەمانەش زەمانێک کە ئێمە منداڵ بووین و توانای هەڵبژاردنمان نەبوو وەرمانگرتوون لە دەوروبەرمانەوە، ئێستاش کاتی ئەوەیە ئەم پێناس و بەرنامانە ببینین و بیانناسین، بزانین چ شتانێک لە نێو دنیای نادیاری زەین و دەروونماندا بوونیان هەیە کەوا ژیانمان بەرێوە دەبەن؟ هەروەک لەم دێڕە شیعرەدا حافزی شیرازی دەڵێت: (لەناو دەروونی ماندری مندا نازانم کێیە کە من خامۆشم ئەو هەمیشە لە گریان و هاوار و زاریدایە!) ئێمەش هەروا خەریکین حەسرەت و غەم دەخۆین، دەگرین و پێدەکەنین، نازانین بۆچی؟! ئێمە ئێستمان ئەوەیە کە بزانین هۆکاری ئەم ڕووداوانە لە کوێوە دێن؟ پێویستە فێربین ئێش لەسەر دنیای نادیارمان بکەین، دنیای نادیاری ئێمە بیرکردنەوەمانە، ئێمە ئەم باوەڕ و دنیابینی و بەرنامە زیهنیانە سەبارەت بە پاره، سامان، ژیان، بوون و کات، خێزان، خۆشبەختی.. بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەرچییەک فێربووبین لە منداڵییەوە فێر بووین، یەکەم کەس لە دایک و باوکمانە فێر بووین، بۆ نموونە ئەگەر دایک و باوکێک هەژار بن، منداڵەکەیان چ نموونەیەک وەردەگرێت؟ نموونەی هەژاریی، منداڵەکەیان هەمیشە نیگەرانە کە بێ پاره نەبێت، دروەم لە مامۆستاکانمانەوە، فێر دەبین، مامۆستایانیش دەستەیەکی گەورەن، کە یەکەمیان بە دایک دەستپێدەکات، هەروەها هونەرمەندان و

پەروەردەکاران و نووسەرانیشی تێدایە، ئەوانەی کە دەڵێن بابە ئەدەبیات و هونەر چییە؟ برۆ بە دوای حساباندا، نازانن کە مرۆڤ ئەواری هەرسێ دنیاکەی لەمانەوە وەردەگرێت! دنیای حساباتی تەنیا دنیای مادییە، چارەنووسی میللەتەکان کلتور و ئەدەب و هونەرەکەیان دیاری دەکات، کە هونەرمەندەکانیان چ هونەرێکیان هەیە؟ ئایا لە هونەرەکانیاندا دەڵێن: مردین و سووتاین و زەلیل و بێچارە بووین؟ یاخود بەرەو پێشەوە بڕۆین، ئومێدتان هەبێت، هەستنەوە؟ کامەیان دەڵێن؟ هەروەها کۆمەڵگە، هاوڕێکان، ڕاگەیاندنەکان، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، هاوڕێ و هاوپۆلەکانت، لەگەڵ چ کەسانێک دەگەڕێیت؟ ئاین زۆر گرنگە، چ ئاینێکت هەیە؟ ئاین زۆرێک لە بیروباوەڕانە دیاری دەکات کە هەمانە، ئەمانە هۆکارە گشتییەکانن، هەر ئەم ئاینە لە وڵاتێکدا بە شێوەیەک تیش دەکات، مامۆستاکان بە شێوەیەک تیش دەکەن و لە وڵاتێکی تردا بە شێوەیەکی تر، واتە ئێمە لە ژێر دنیایەک کاریگەریی دایین لەوانەش کولتوور و کۆمەڵگا، ئێمە لە ژێر کاریگەری ئەم هۆکارانەدایین تا کاتێک بە ئاگا دێینەوە و بیر دەکەین، لە خۆوە نییە کە ڕۆژێک کەسێک چوو بۆلای پێغەمبەر گوتی ئەی پێغەمبەر داوای لێخۆشبوونم لای خوای گەورە بۆ بکە، پێغەمبەر لێی پرسی: چ گوناهێکت کردووە؟ گوتی: من گومانم لە بوونی خوا بۆ دروست بووە. پێغەمبەریش دەستێکیدا لە شانی

گوتی: "بڕۆ، گومان سەرەتای باوەڕە" گومان واتە چی؟ واتە پرسیار کردن، پرسیار سەرەتای زانست و زانین و ناسینە، لە تەواوی ئەو شتانەی دەیزانیت گومان بکە و بگۆڕێ، (حەزی فێربوون لە گومانەوە دروست دەبێت، کەواتە گومان بکە و فێر ببە)، هەندێك لە ئاینەکان، شوێنکەوتووانی سامانداوترن، هەندێکی تر لە ئاینەکان شوێنکەوتووانی سادە دەژین، هەندێکی تر لە ئاینەکان شوێنکەوتووانی خۆشبەختن، هەندێك لە کولتوورەکان شادن و هەندێکیان ناشادن! لە ئەفریقای باشوور کێشەی ئاپارتاید هەبووە خۆپیشاندانیان دەکرد، کاتێك ڕەشپێستەکان دەڕژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانیان دەکرد ئێمە ڕامانەزانی سەما دەکەن! گوتیان ئەمانە نارەزاییەتییەکەشیان بەم جۆرەیە، کولتوورەکەیان وایە! تۆ ئەگەر بچیت بۆ ئەمریکای باشوور دەبینیت ئەگەر کەسێك ڕێك بە ڕێگادا بڕوات وادەزانن نەخۆشە، دەبێت کەمێ خوار و خێچ بڕوات!

ئێمە لە منداڵیدا ئەو کاریگەرییانە کە لە دایك و باوکمان و ئەوانیتر وەریاندەگرین بە سێ جۆر دەکەوینە ژێرکاریگەرییانەوە، گومان ئەمانەش پرۆگرامێکە لە مێشکماندا جێگیر دەبێت، بەرنامەدانانێکە کە دەبێتە هۆی بیرکردنەوە و بیرکردنەوەش دەبێت

بە هەست و هەستیش دەبێت بە ڕەفتار و ڕەفتاریش ئەنجام دەداتێ.

ئێمە سێ جۆر بەرنامەدانانی زەهنیمان هەیە:

أ- (وتەیی) بەقسەکردن، گفتوگۆ، منداڵ بێ ئەوەی خۆی ئاگای لێ بێت مێشکی بەرنامەی بۆ دادەڕێژرێت. ئەگەر ئەم قسانە بەبەر منداڵێک بڵێیت: پارە چڵکی دەستە، یەکسەر دەچێتە مێشکییەوە. ئەوشتانەی لە بارەی پارەوە پێسترنانە دانەبەدانە هەمووییان بێ دەڵێم: (پارە داری کاڵی نییە، پارە چڵکی دەستە، پارە شتێک نییە بەئاسانی بیبەخشیت، پارە خۆشبەختی ناهێنێت، هیچ کەس بە پارەی حەڵاڵ دەوڵەمەند نابێت، دەوڵەمەندەکان یان خۆیان دزن یان باو و باپیرانیان، پارە پیسە، پارە بێ دین و ئیمانت دەکات، پارە نۆکەری پیاوی عاقڵە و گەورەی پیاوی گەمژەیە، پارە پارە پەیدا دەکات...هتد.) یەکێک لەو بابەتەی دارێشتنە کە من زۆر ڕقم لێی بوو لە مەکتەب ئەمە بوو: (زانست باشترە یان سەروەت و سامان؟) چونکە من حەزم لە هەردووکیان بوو، هەیە دەڵێت من و پارە ڕەق بیسمیلا و جنۆکە واین، هەر ئەوەندەی من دەرکەوتم پارە دەڕوات! یان هەیە دەڵێت پارەم لە دایک باوک و هەموو کەسم زیاتر خۆشدەوێت، ئەوەندە پارە پەرستە! نموونەی تر لەم بارەیەوە زۆرە، ئەمەش دەگەڕێنەوە بۆ بەرنامەڕێژی

مینشکیان، نوکتەیەکیش هەیە لەم بارەیەوە: پیاوێکی وەزیل کوڕەکەی پێیگوت پێنج هەزاوم بدەوێ دەمەوێت بچم بۆ سینەما، باوکی گوتی: چوارهەزاوی چی؟ سێ هەزارم بێبە، سینەما بە دوو هەزاوە، ها بگرە ئەوە هەزارا

واتە بێتەوە خۆمان بزانین هەر یەك لە ئێمە سەباوەت بە پارە بەرنامەمان بۆ داڕێژراوە، هەرکات باسی پارە دەکرێت یەکسەر لە مێشکماندا ئەم نموونانە دەبینین! یەکێك لە بەناوبانگترین پەندەکانی پێشینانمان ئەمەیە: (ئەوەی ڕەنج نەکێشێت هەرگیز بە گەنج ناگات.) ئیشکردن شتێکی زۆر بە ئەرزش و باشە بەڵام هەرکە باسی پارەمان بۆ دەکەن بەرزایی و سەربەرەوژوور و ناڕەق و ماندوویی.. دێنە خەیاڵمانەوە! چونکە هەمیشە بە ئێمەیانگوتووە پارە یەکسانە بە سەختی! بیستوتانە هەندێك پیاو بە ژنەکانیان دەڵێن: (ژنەکە بۆ ئەوەندە بە ئاسانی پارە خەرج دەکەیت، مەگەر نازانی من ڕۆحم دەرچوو تا دیناوێك پەیدا دەکەم؟). واتە هەندێك کەس ڕۆحیان دەردەچێت تا پارە پەیدادەکەن! کەواتە یەکەم بەرنامەدانان وتەییە، کە بەشێوەی پەندی پێشینان و گوزارشت لە مێشکماندا چەسپاون!

دووەم بەرنامەدانان، بەرنامەدانانی (مۆدێلکارییە)، ئێمە هەریەکێمان سەباوەت بە پارە مۆدێل یان چەند مۆدێلێکمان هەیە، یەکەم مۆدێلیشمان دایك و باوکمانە، ئەگەریش مەحاڵە تۆ

لە دایك و باوکت دەوڵەمەندتربێت، مەگەر لە پەیوەندیی و پێناسەی پارە لە زەینی خۆتدا ئاگادار ببینەوە، ئەگەر لە دزخی خۆتا بێنبینەوە و هیچ کارێك نەکەیت، هیچ کات لە دایك و باوکت دەوڵەمەندتر نابیت! بەڵام ئاوارتەش هەیە.

هەندێك کەس هەیە دایك و باوکیان هەژارە، بەڵام منداڵەکەیان ماڵێکی ماڵێکی ملیاردێرە! بۆچی؟ ڕۆژێك منداڵەکەیان دەڵێت: ماندوو بووم لەم ژیانە بەردەوام بۆڵە بۆڵ دەکەن، بەردەوام گازندە دەکەن.. بەسە ئیتر، بڕیار دەدات سامانداربێت تا وەك باوکی لێ نەیەت: (باوکە من هەرگیز وەك تۆ نابم، ئەفرەت لە من ئەگەر وەك تۆ بم، من دەگۆڕێنم..) دەست دەکات بە ئیشکردن و پارەپەیداکردن، پارە پارە پارە.. بەڵام پارە لە زەینی ئەم کەسەدا چۆنە؟ پارە، بەکسانە بە ڕق! ڕق لە باوك، ڕق لە خێزان و ڕق لە هەژاری و نەداری و ئەو ژینگەیەی تێیدا گەورە بووە... چونکە ئەمانە لە پەیوەندیدان، هەرچەند پارەی زیاتر بێت، ڕقیشی زیاتر دەبێت! هانووە پارە کۆ دەکاتەوە، زیاتر خانەکان ئەمەیان نیایە، دڵەڕاوکێی هەیە وانە ترس لە هەژاری و بەدبەختی، ترس لەوەی وەك باوکی لێببێت، وەك دایکی لێبێت، وەك ئەنکی لێببێت کە لە هەژاریدا مرد و هیچ کەسیش یارمەتی نەدا، پارە لە زەینی ئەم کەسەدا دڵەڕاوکێ و نەداری و هەژاری و ترسە.. بۆ ئەوەش کە

ترسی رۆژێکی وا نەبێت دەستەدکات بە زۆرکردنی پارەکانی، هەرچەندە پارەکانی زیاتر دەبن؛ دڵەڕاوکێکانیشی زۆرتر دەبن.

ئەو پارەدارانەی کە لە کۆمەڵگەدا بیزراون و بە باشی باسیان ناکرێت، ئەوانە پارەدارن، ساماندار نین، کەسانێکن کە پاڵنەری بە دەستهێنانی پارەکانیان، پاڵنەری رق و دڵەڕاوکێ و نەفرەتە، ئێستە چی روو دەدات؟ ئێمە بەشێك لە بوونماندا هەیە بەناوی: (هایەر سێلف higher self)، ئەو بەشەی مەعنەویەتمانە، ئینسانیەتمانە، ئارامی دەوێت، تەندروستی دەوێت، لەو بەشەدا ئێمە ئارامی و ئاشتی و دڵسۆزیمان دەوێت، بۆیەئەوەی ئەم کەسە ئەم رقەی لە نێو بەرێت یان دڵەڕاوکێکەی لەنێو بەرێت، بۆ ئەوەی بە ئارامی بگات، دەستەدکات بە لە نێوبردنی پارەکانی! بەمەش دەرتوێت (سێلف دیستراکشن self distractiom) بە کوردی واتە: (تێکشکاندنی خورد.) چەند کەس لە ئێوە بە بێسوود پارەکانتان خەرج دەکەن؟ دەڵێیت من خەرجی دەکەم، من دەست و دڵفراوانم، پارە هیچ گرنگ نییە.. چەند کەس لە ئێوە کاتێك دەچن بۆ بازاڕ و شت دەکڕن، ئارام دەبنەوە؟ چەند کەس لە ئێوە هەر لە خۆتانەوە بێ هیچ هۆیەك پارە دەدەن بەم و بەو تا پارەتان پێنەمێنێت و دیسان پارە پەیدا بکەنەوە؟ چەند کەس لە ئێوە لەناکاو ساماندار دەبن و لەپڕ پارەت بێنامێنێت؟ وەك ئیسپرینگ دادەبەزێت، بەرز دەبێتەوە، دادەبەزێتە بەرز دەبێتەوە، دیسان

دادەبەزێت، بەرز دەبنەوە.. شەوێک زەکانی پێدەشێت، شەرێو حەجی لەسەر فەرز دەبێت، بۆچی؟! چونکە کاتێک دەوڵەمەند دەبێت دڵەڕاوکێ دەیگرێت، تورە دەبێت، نموونەکەیان باسکرد، هەرچەندە پارەدارتر دەبێت دڵەڕاوکێ و ترسی زیاتر دەبێت، پاشان بۆ ئەوەی ئارام ببنەوە، پارە دەدات بە هەژارێک، یە مزگەوتێک.. ئەمە خراپ نییە، من ناڵێم کارێکی خراپە، بەڵام ئەوکەسە بەهای ئارامییەکەی لەوەدایە پارەکانی سەرف بکات! جەستەی لە نێو دەبات تا پێویستیی بە جل و بەرگ نەبێت، بەرزەوەندی لەوەدایە کە پارەکانی بەهەدەر بدات، بۆچی؟ چونکە بێناسە و پەیوەندی پارە لە زیهنیدا پەیوەندییەکی هەڵبەدە پاڵنەری پارەداربوونی پاڵنەرێکی دروست نییە، هەڵبەت مرۆ چونکە مێشکی پاساوهێنەرەوەیە، دەڵێت: (من دەست و دڵفراوانم، پارە گرنگ نییە، پارە چڵکی دەستە، دواجار چی؟ من بە چەند مەترێک خام دەچمە ژێر گڵەوە..) ئەم دێڕە شیعرە لە چاپخانەیەک نووسرابوو: (خواجە لەسەر ئاوریشم و نیمە لەسەر حەسیرە دواجار ئەی دڵ هەموران خۆراکی گڵین.) خواجە لەسەر ئاوریشم و نیمە لەسەر حەسیرە واتە: خوا پێدار لەسەر ئاوریشم دەخەوێت و نیمەیش لەسەر حەسیرە دواجار ئەی دڵ هەموران خۆراکی گڵین، واتە: دەچینە ژێر گڵەوە.. من پێمگووت: ئەزیزی من، دواجار هەموومان هەر خۆراکی گڵین بەڵام ئەو دامادە

لانیکەم لەسەر ئاوریشم دانیشتووە؛ ئیمە خۆ ئەو جارەش ئاوریشممان نەدیوە.. بەڵام دواجار ئەم شیعر و ئێکسسانە ئەمانە بەرنامەداناتی هونەرمەندانە، واتە ئیمە دێین سوود لەو شیعر و لەو ئەدەبیاتانە وەردەگرین بۆ سەلماندنی ئەو باوەڕانەی کە لە منداڵییەوە وەرمانگرتوون.. دایك و باوکمان لەسەر مێزی نانخواردن سەبارەت بەچی قسە دەکەن؟ سەبارەت بە قەرزەکان یان سەبارەت بە بێ پارەیی..؟ ژنەکە لە کوێی بێنم؟ ئەمە چی لێ بکەم؟ پارەی منداڵ لە کوێ بێنم..؟ بەم قسانە خەریکیت بەرنامە بۆ منداڵەکەت دادەنێیت! ئەگەر دەتەوێت منداڵەکەت بە هۆزی سامانداری پەروەردە بکەیت؛ لەسەر مێزی نانخواردن باسی ئەداری و هەژاری.. مەکە، پێ لە بەرنامەداتان بکەنەوە، پێ لەوانە بکەنەوە کە ئەوە لە دوای ئەوە سەرۆك و سیاسەتمەدارن، بۆچی سیاسەتمەدارن؟ یان ئەوانەی ئەوە دوای ئەوە دەبن بە پزیشك؛ چونکە لەسەر یەك مێز پێکەوە نان دەخۆن. دەی هەڵەیە ئێۆ، من لە کتێبەکانی داهاتوومدا بە وردی باسی ئەمانە دەکەم، دەبێت ئەم سیستەمانە بگۆڕین، ئەو سیستەمەی ئێستە گیرمان تێیدا خواردووە، ئەمانە ئەڵەیە، ئێمە ئەسیر و کۆیلەکانی جاخی نوێین، دەبێت خۆمان لەم سیستەمە سەقەتانە ئازاد و ڕەها بکەین، منیش هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەم کتێبەم نووسیوە. بەڵام ئەگەر لەسەر مێزی نانخواردن قسەکان بەم جۆرە بن: "بە ڕاست ئەری ئەو

تەخۆشە چی لیهات؟ گوتیان دەرمانێکی تازە هاتووە پیشانی دکتۆر فلانیشماندا، پرۆفیسۆر فلانیش رایگوت، بەر دەرمان باشتر بوو، بەلام دەبێت ئەم تەخۆشییە لە نێو بەرین..." سبەینێ ئەو منداڵە دەبێت بە پزیشك.

لەسەر مێزی نانخواردن خەریکێن قسە دەکەین، بە راست کاکی ئەو زەوییەت کڕی؟ بەڵێ کڕیم، زۆر باشە پارچەیەك بۆ کوڕەکەم و پارچەیەکیش بۆ کچەکەم بکڕە، کوڕم پارەکانت کۆ بکەرەوە با زەوییەکت بۆ بکرم.. ئەو منداڵە هەر لە ئێستاوە دەچێتە بواری موڵك و بازرگانی و سامانەوە. چونکە بەم قسانە خەریکێت پرۆگرامی بۆ دادەنێیت، ئێمە پرۆگرامیان بۆ دادەنێین. کوڕەکەم شوێنی پارە و سامان مەکەوە ماڵی دنیا هیچ نییە..

ئێمە هاوکارێکمان هەیە لە کۆمپانیا دەیگووت من هەر کارێك دەکەم شکست دەخۆم تیایدا، نازانم بۆ ئەوەندە بێ شانسم؟! منیش گوتم: تا من وەکوو تۆ بەو شێوەیە بڕوام بە شانس نییە، گوتم: پارە لای تۆ بانی چی کاکە؟ گوتی: پارە خۆشبەختی ناهێنێت، ئەوە گورمانی تیا نییە! گوتم: دەی خوا ڕەحمت پێ بکات، تۆ نابیت بە فرۆشیار.

بۆچی هەرکاتێك باسی پارە دەکەین، چوار کەسی بێ بەخت و ناڕەحەت دێنە بەرچاومان؟! ئەوەندە ژنان و پیاوانی چاکەکار و خێرخواز لەم دنیایەدا هەن سەرچاوەی خێرن. فوناعانەیان

دروستکردووه، تەخۆشخانە، کتێبخانە، خانوو.. سەیرکەن چەند، پنکەی خێرخوازی بووتی هەیە، ئەماتە کەساتی ساماندار ئەنجامی دەدەن، بەلام ساماندارێك کە بە ڕێ پێی تەگەیشتووە، بە ئاشتی و بە ئارامیی بە متمانە و بە ڕێز لە خۆگرتن بووە.کەواتە ئێستا دەتوانیت بزجی پارەکانت خەرج دەکەیت، چونکە بیتناسەی پارە لە زیهنتدا ئەوەیە کە من کەسێکی چەبەلم، من کەسێکی پیسم، من قوڕتی کەسێکم خواردووە..

پیاوێك هەبە بەناوی "بیل گەیتس"ە، ئەم پیاوە بۆ پارە پەیداکردن هیچ کەسێکی ئازار نەداوە؟ هیچ کات ئەم پیاوە بۆ پارە گرێجکەی کەسێکی تەبریوە؟ ئەو لە هەر چرکەبەکدا، (٢٥-) دۆلاری ئەمریکی دەستدەکەوێت، واتا ئەگەر هەزار دۆلاری لە دەست بکەوێتە خوارەوە و بیەوێت بتوشتێتەوە و هەلیبگرێتەوە زیاتری دەستدەکەوێت!! ئەم بیاوە رۆژانە (بیست ملیۆن دۆلار و حەوت و پێنج هەشت ملیارد) دۆلاری دەستدەکەوێت! ئەمە ئیلساتێکە، ئەمریکا ترێکەی (پێنج و پێنج شەست و دوو هەزار ملیار دۆلار) قەرزارە، بیل گەیتس بە تەنیا دەتوانێت لە ماوەی دە سالدا هەموو قەرزەکانی ئەمریکا بدانەوە (واتە بە تەنیا کەسێك دەتوانێت قەرزی گەورەترین ولاتی دنیا بداتەوە) ئەو دەتوانێت بە هەر کەسێك لە جیهاندا پاترە دۆلار بدات و دیسان پێنج ملیۆن دۆلاری لە گیرفاندا بێت! واتە

ھەموو ئاکێک پانزە دۆلاری بەردەکەوێت. ئێستا نیوە سەیری ئەم ژمارانە بکەن، ئەلبەتە بیل گەیتس ئەگەر هەزار دۆلاری لێبکەوێت ئیهمالی ناکات، ئەگەر ئیهمالی بکردایە ئاوا سامانداریش نەدەبوو. باوەڕ بکەن هەموو شتێک ڕێی تێدەچێت، بیل گەیتس کەسێک بوو کە زانکۆی بەجێهێشت و هاتە دەرەوە چونکە نەیدەزانی مامۆستاکان چی دەڵێن، بەڵام بە پێچەوانەوە هاتە دەرەوە زۆر بە هۆشیارانە هاتەدەرەوە، دەزانن بیل گەیتس چیی کرد؟ ئەوکارەی کرد کە دەبێت هەموومان بیکەین و وڵاتەکەشمان ئەنجامی بدات، بیل گەیتس شێوازی بەڕێوەبردنی لە جیهاندا گۆڕی، ئەو کارەی ئەو بە تیۆری هەبوو بەڵام ئەو ئەنجامیدا، بەر لە ئەو زۆربەی بەڕێوەبردنەکان وەهابوو کە منی بەڕێوەبەر دەبێت هەموو شتێک لە ژێر دەستەکانم باشتر بزانم تا بتوانم بەڕێوەبەر بم، بەڵام بیل گەیتس هات باشترین و بلیمەتەکانی دامەزراند، هەرکەس کە بۆ بیل گەیتس کار دەکات لە بواری خۆیدا پلە یەکە و هەزاران ئەوەندەی بیل گەیتس شت دەزانێت، هونەری بیل گەیتس ئەوەیە توانا و لێهاتووییەکان بەڕێوە دەبات، ئەوەک خۆی هەمووی بێت، هیچ کات مەترسە لەوەی ژێردەستەکەت لە خۆت زیاتر بزانێت، لەوە بترسە کە منمانە بەخۆبوونی بەڕێوەبردنت نەبێت، لەو کاتە بترسە کە نەتەوێت کەسانی تر بدرەوشێنەوە و تەنیا بتەوێت خۆت بدرەوشێیتەوە،

ئەوسا قاتیحە بۆ خۆت بخوێنە، لێگەڕێ هەمووان لە تەتیشتدا بەرەوشێتەوە، تۆ سوودمەند دەبیت.

یەکێك لەو شتانەی کە لە منداڵیدا بە ئێمەیان گوتووە ئەمەیە: "کوڕەکەم، کچەکەم، پاشەکەوت بکە بۆ ڕۆژی ڕەش"، ئێرە دەزانن لە ناخوودئاگاماندا ئەگەر پارە بۆ ڕۆژی ڕەش کۆ بکەیتەوە، کاتێك پارەکەت زۆر بوو، دەڵێیت باشە بۆچی ڕۆژی ڕەش نایەت؟! هەر خۆت ڕۆژێکی ڕەش بۆ خۆت دورستدەکەیت و هەموو پارەکەت لە دەست دەدەیت! هەر بەم ئاسانییە. بۆیە هیچ کات، هیچ کات، هیچ کات، بۆ ڕۆژی ڕەش پارە و سامان کۆمەکەرەوە، کۆیبکەرەوە بەڵام بۆ ڕۆژی خۆشی، بۆ چێژی زیاتر، بۆ ڕێزی زیاتر، بۆ منداڵەی زیاتر، بۆ خزمەتی زیاتر.. پارە کۆیکەرەوە بۆ ئەوەی ئومێدت هەبێت و خۆشتر بژیت، باشتر بژیت و باشتر خزمەت بکەیت.

ئێمە شێوازی بیرکردنەوە و شێوازی بەڕێوەبردنی پارەمان وەك دایك و باوکمانە تا کاتێك کەمێی بزانین ڕابیگرین و بیگۆڕین، ئەوانەی کە تەماعیان هەیە و هەوجی پارە بەیدا دەکەن و تێر نابن، هی ئەوەیە دڵەڕاوکێیان هەیە، پارە ئاوامییان پێدەبەخشێت، هەرکاتێك بیانەوێت پارە خەرج بکەن هەستدەکەن دڵنیایی لە دەست دەدەن، دەلەرزن، شەشسەد تایبۆی هەیە، لە سەیرکردنیان چێژوەردەگرێت، ئارامی پێدەبەخشێت: نۆخەی.. چونکە

دڵەڕاوکێی هەیە، هیچ کات پارە، مندانە و ڕێز لە خۆگرتنی بۆ ناهێڵێنە.

من کەسانێکم دەناسی کە خاوەن ماڵەکەمان بوون، خاوەنی ئەو موڵکەبوون کە ئێمەی تێیدا بووین، نیوەڕوان دەچوون لەگەڵ خزمەتکارەکەیاندا نانیان دەخواردچونکە پارەیان نەبوو.

هەندێك کەس هەن دەڵێن من ئیش بکەم خەڵك بیخوات؟ من ئیش بکەم تا باج بە دەوڵەت بدەم؟ لە کەنەدا لەم قسانە زۆر دەکرێت، یەکێك دەڵێت من دەتوانم مانگانە یەك ملیۆن دۆلار پەیدابکەم، دەڵێن تۆ دەزانیت دەبێت مانگانە چەندێك باج بدەیت؟ دەڵێت دەی باشە من دوو ملیۆن پەیدا دەکەم، نیوەی بۆ خۆم دەمێنێتەوە، بەڵام هەیە ئەم بۆ ئەوەی کەسانیتر هیچیان دەستنەکەوێت، خۆیشی دەکوژێت، خۆیشی لەنێو دەبات، وەختێك ئاوا بیر بکەیتەوە، پارە دەبێت بە ڕق! چونکە دەتەوێت کەسێك تەمێ بکەیت، کاتێك دەتەوێت کەسێك تەمێ بکەیت، خۆیشت نابیت بە خاوەنی هیچ شتێك.

بەڵام جۆرێکیتر بەرنامەداناغان هەیە ئەویش لە جۆری بەرنامەدانانی ڕووداوەکانە، بۆنموونە ڕووداوێك ڕوو دەدات و کاریگەری لەسەر دادەنێت، مەرجێك بۆ دادەنێت، من نموونەی خانمێکی ئەوروپیم لایە بۆ ڕوونکردنەوە ئەمەتان بۆ باس دەکەم، چیرۆکەکە بەم شێوەیە: کە خانمێکی پەرستار دوای بیست ساڵ

تێنەکردن خاوەنی هیچ شتێك نییە، دەستی بەتاڵە، هەمیشەش نیگەرانی ئەوەیە ئەگەر لەو تێشە دەریبکەن چی ڕوو دەدات، (ژیانی زۆربەشیان هەر وایە) پاشان لە چەند سیمینارێکدا بەشداری دەکات، ئەو سیمینارانەی من بەشداریم تێداکردن، ئەوێش بەشداریی تێدادەکردن، ڕۆژێك بۆی باسکردین گوتی: من تەمەنم هەشت ساڵ بوو لەگەڵ دایکوباوکم چووین بۆ چێشتخانەیەکی چینی، دایکوباوکم شەڕیانکرد، دایکم هەر بۆڵەبۆڵی بوو بۆچی پارەمان نییە، من چۆن ئەم منداڵە گەورە بکەم..؟! سەختە تۆ دەبێت زیاتر پەیدا بکەیت، گوتی: هەروا کە زیاتر دەنگیان بەرز دەکردەوە، لەناکاو باوکم دەستیکرد بە هەناسەبڕکێ و کەوت! گوتی: من سەری باوکمم خستە سەر سینەم و دەمگوت بابە بابە بابە تۆخوا هەستە هەستە هەستە دەی بابە گیان.. بەکورتی ئیسعاف هات و (سی پی ئار)یان بۆ کرد تا ڕزگاری بکەن.. بەڵام ئەم باوکە لە باوەشی کچەکەیدا مرد! چ شتێك لە مێشکی ئەم منداڵەدا ڕوودەدات؟ پارە، مەرگی باوك، بەکدەگرن، لەوە بە دواوە ژیانی ئەم منداڵ چۆن بووە؟ هەرکاتێك پارە دێتە پێشەوە، مەرگی باوك دێت، باوکی خۆشەویستووە کەواتە دەبێت باوکی بخاتە لاوە، لەبەر ئەوە هیچ کات پارەدار نەبوو، پاشان سەیر ئەوەیە پیشەی پەرستاریی هەڵبژاود، چونکە لە ناتاگاییدا هێشتا دەیویست باوکی ڕزگاو بکات! لە دڵی خۆیدا دەڵێت ئەگەر من

شارەزابوومایە باوکم وزگار دەکرد.. سەیرکەن چۆن ئەم ڕووداوە چۆن ئەم جیرزکە کاریگەریی لەسەر دانا، لەسەر جۆری ژیانیشی هەم بوو، بە بەرستار هەم بێ پاوە.. کاتێک کە زانی پارەی نییە و بەختەوەریی نییە و خۆشحاڵ نییە لەبەر ئەم پەیوەندییە هەڵەیەی نێوان پارە و مەرگ، پەیوەندی پارە لە مێشکیدا ئەمە بوو: "مەرگ، لە دەستدانی ئەزیزان" زانی پێی دەڵێت ئەگەر "پارەت دەست بکەوێت ڕەنگە ئازیزێکت لە دەست بدەیت." دەبێت چاکی بکات، کاتێکیش ئەم بارەی دۆزییەوە و لێی ئاگادار بوو لەو بازنەیە هاتە دەرەوە.. پاشان چی کرد؟ سەرەتا ڕازی لە کاری بەرستاریی هێنا، (ئەوەک بەرستاری پیشەیەکی خراپ بێت، ئەو بەدڵ هەڵی نەبژاردبوو، لە ڕاستیدا بەرستارێکی باشیش نەبوو) هات بوو بە ڕاڕێکاری ئابووری، یارمەتی خەڵکی دەدات کە چۆن پارەدار بن، چونکە شارەزاش بوو زۆر سەرکەوتوو بوو، ئەو ئێستا هیچ کێشەیەکی ماددی نەماوە.

تۆیش ئەگەر بێ پارەیت، ئەگەر موحتاجیت، ئەگەر وا بیردەکەیتەوە مایەپووچ بوویت، ئەگەر وا بیردەکەیتەوە ئازا بە بوویت و لە توانانتدا نەماوە.. هەرئەوەندەی کە بیربکەیتەوە، پەیوەندی پارە لە مێشکتدا دروست پەروەردە بکەیت کە من لێرەدا یارمەتیدان دەدەم، دەبینی مێشکتان دەستەکات (بە بیرکردنەوە، هەستکردن، ڕەفتار) چونکە هەر ئێستا خەریکن

ئەنجامەکەی وەردەگرنەوە، دەبێت بگەڕێن و لە ناخەوە خۆتان بناسن کە سەبارەت بە پارە چۆن فێرکراون و چۆن بەرنامەتان بۆ دانراوە؟ چ قسەگەلێکم لەسەر مێزی نانخواردن لە دایکوباوکم بیستووە؟ چ شتێك لە قوتابخانە و لە مامۆستاکانەوە فێربووم؟ پێشەنگی ژیانم کێیە؟ باوکمە؟ دایکمە؟ خاڵمە؟ مامەمە؟ ڕەنگە من مامەیەکم خۆشویستبێت هەژار بووە و نەمویستووە دەوڵەمەند بێت، منیش وەك ئەوم لێبدێت..

سەرنجنەدراوە ژمارەی خانمە سەرمایەدارەکان زۆرکەمە! ئایا ئەمە لەبەر نەبوونی توانایە؟ نا لەبەر بەرنامە بۆ دانراوەکانیانە، چونکە خانمەکان هەمیشە وا بیردەکەنەوە، وانە وا پەروەردەکراون: کە یەکێکیتر بەرپرسیانە! پارەیان بۆچی دەوێت؟ بۆ دڵەڕاوکێکانیان، بۆ دڵنیابوونیان، ئاڵتوون دەکڕێت، زێڕ دەکڕێت، خانوو دەکڕێت.. بۆ ڕۆژی ڕەش! سەیر ئەوەیە کە زۆربەی خانمەکان تا ڕۆژی کۆتایی دڵەڕاوکێیان هەیە! هەرچەند ئەمەیان زیاتر دەبێت، دڵەڕاوکێیان زیاتر دەبێت، بۆچی؟ چونکە پەیوەندییەکانی بەرنامەکانی زەینیان هەڵەیە، ئەگەر خانمان لە دڵەڕاوکێدا بن، ئەوەکانمان لە دڵەڕاوکێدا دەبن، پاشانیش هەموو زاڵانەکەمان لە دڵەڕاوکێدا دەبێت، ئەم گوتەیە زۆر ئەراوە کە دەڵێت: (ژن بە دەستێکی بێشکە و بە دەستەکەیتری دنیا ڕادەژەنێت.) بیاوانی

عاقڵ و هۆشیار دەبێت هەلومەرجێك دابین بكەن كە خاڵەكانی ئارامیان هەبێت.

هەر بەهۆی ئەم باوەڕە هەڵانەوەیە كاتێك بیر لە پارەدەكەنەوە تووشی دڵەڕاركێ دەبن، ئەگەر بیركردنەوە لە پارە بچێتە مێشكتانەوە را دەزانن كەسێكی خراپن، بەهەڵە پێتوایە ئەگەر تۆ بتەوێت دەوڵەمەند ببیت را دەزانیت دەبێت كۆمەڵێك هەژار بن ئەگەر بیركردنەوە لە پارە بچێتە مێشكتانەوە را دەزانن كەسێكی ستەمكارن.. بۆیە بیربكەنەوە و پرسیار لە خۆتان بكەن: بۆچی؟! بۆچی ببندەڵێن دنیا ڕیسە؟ سەیر لەوەدایە كە تێكەڵبوون و قسەكردن لەگەڵ ئەو كەسانەی كە بە هەژاری ڕاهاتوون، دەبێتە هۆی ئەوەی ئێوەش هەژار بكەون! چونكە ئەگەر تۆ بگوزینیت بەلای ئەوانەوە گرانە. دیوتانە بۆنموونە كەسێك پلەیەكی گەورە وەردەگرێت لە وڵاتدا پاشان كەسانێك گاڵتەی پێدەكەن.. ئەوكەسە پێشتر پلەیەكی نزمی هەبووە یان هەر كەسێكی ئاسایی بووە.. دەی زۆرباشە، ئەوە نیشانیدەدات كە ئەم كەسە زۆر گەشەیكردووە، ئەمە چ پەیوەندییەكی هەیە؟ ئەوە ڕابردووەیتی، ئەسڵەن ئەوكەسە زۆر هەوڵەی كردووە چ پەیوەندییەكی بە ئێمەوە هەیە؟ چونكە هەندێك كەس كاتێك گۆڕان دەبینێت ئازاری دەدات و دەیەوێت نەیبینێت.

من دەمەوێت نەبوو لەو جۆرە کەسانە بن کە نەیتوانیا ڕاهێنانیان لەسەر دەکەین، دەبێت بەرنامەکانمان بگۆڕین، هەندێك کەس بەرنامەڕێژی کراون بۆ شکستخواردن! کەسێك دەناسم کە زۆریش خۆشمەوێت، ئەو بە یەك ملیۆن دۆلارەوە هات بۆ کەنەدا، دوای دە دوانزە ساڵ، بە هۆی مایەپووچ بوونەوە، کەنەدای بەجێهێشت، وای لێهات نەتانەت نەیدەتوانی خەرجی خێزانەکەیشی بدات! ئەو منی فێردەکرد کە سەهم و کڕینەوە و بازاڕی بۆرسە چۆنچۆنییە.. هەمووی دەزانی، بەڵام سەیر لەوەدا بوو هەرچی سەهم بەرزدەبووەوە دەیفرۆشت و هەرچی سەهم دادەبەزی دەیکڕی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پارەکانی لە دەست دەدا، لەگەڵ ژنەکەیدا هەمیشە ناکۆکی هەبوو، من پرسیارم لە خۆم کرد: بۆچی ئەمانە وان؟! باشان بۆمگووت: کاکە گیان بەشێك لە پارەکەت بدە بە شوفەیەك تا هیچ نەبێت شوێنێکت هەبێت، بە پاشماوەی پارەکەشت مامەڵە بکە.. لە وەڵامدا گوتی: تا کاکە ئەمانە ناهێڵن، تا ئێمە دوو پوڵ پەیدا دەکەین خێرا پارەکەمان دەخۆن، ئەم سەومایەداوانە ناهێڵن.. هەر بۆیە لە ئەمریکا و کەنەدا پێشنیاوت بۆ دەکەن: بگەڕێن بە دوای کەسێکدا کە هەموو ڕۆژێك زەرەر دەکات، ئەو هەر کاوێك دەکات تۆ پێچەوانەکەی بکە، هەر بەشێك ئەو دەیفرۆشێت تۆ بیکڕە، چونکە ناخوودئاگای ئەو پرۆگرام کراوە بۆ شکست و خۆشمەندانەش ئەمکاوە ئەنجامدەدات، لوقمان حەکیم گوتەنی:

"ئەدەب لە کێوە فێربوویت؟ لە بینەدەبانەوە." ئەو کەسە باشاز چووە سەر ئیشێك و تێدا چووە بینەرە بەڵام دەستپێکرد بە شەڕکردن و هێشتاکەش هەندێك لە هاوڕێکانم دەزانن لە هەر کارێکدا پێش بکەوێت و بابەتێك گرتنێك بۆ خۆی دروستدەکات و خۆی تووشی کێشەیەك دەکات، دەڵێی دوژمنی خۆیەتی! بەراستیش دوژمنی خۆیەتی، self distruction . من دەمەوێت لێرەدا ئێوە بە بابەتێکی زۆر گرنگ و سەرەکی ئاشنا بکەم ئارەکوو بزانن بۆچی (مەکنەبی کەماڵ) ئەوەندە گرنگە و ئەوەندە بە بایەخە و چەنێك بە شێوەیەکی سادە دەتوانێت یارمەتیتان بدات، ئەویش ئەمەیە: ئەزیزانم کاتێك چووم لە ژیانی ئەم کەسەم کۆڵیبیەوە، بۆم دەرکەوت ئەو لە گەنجێتیدا منداڵێکی چوار ساڵانی هەبووە کە بە هۆی کارەبارە مردووە، کاتێك دێتەوە بۆ ماڵەوە منداڵەکەی مردووە، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە چەند ڕۆژێك لەوەوپێش ژنەکەی پێی دەڵێت ئەم رابەرە رووتە، لەوانەیە منداڵەکە دەستی لێ بدات و کارەبا بیگرێت، ئەمیش لەبەرئەوەی ئیشی هەبووە، سەرقاڵبووە، کاتی نەبووە ئەو رابەرە چاك بکاتە کاتێك منداڵەکەیان دەمرێت هەم دایکەکە و هەم منداڵەکە دووچاری هەستکردن بە گوناه دەبن، گوناهێکی وێرانکەرە چونکە هەستیانکردووە خۆیان بکوژی منداڵەکەیان بوون، زۆربەداخەوەم بۆیان، ئێستا هەردووکیان شێرپەنجەیانگرتا

خەریکی خۆیان دەکوژن، هەم بە جەستەیی و هەم بە ئابووریی، کەسانێکی زۆر میهرەبان و زۆر خۆشەویستیشن، خۆزگە من بمزانیبا یارمەتییان بدەم، بەڵام تا کەسێك خۆی نەیەوێت کەس ناتوانێت هیچ کارێك بکات.

خوشکان و برایان، ئەم پیاوە بۆنموونە من ناویان دەنێم: (بەرزان و خانمی هەستی) ئێوەش تەماشایەکی خۆتان بکەن و بڵێن ئایا من بەزان نیم؟ من هەستی نیم؟ ئایا من لە کارەکەمدا سەرکەوتووم؟ بایەتەکە لێرەدایە کە چەنێك خۆتت خۆشدەوێت؟ چەنێك ڕێز لە خۆتدەگریت؟ چەنێك خۆتت قەبووڵە؟ بەڕەکەت چەندە؟ ئەمەت لە منداڵیدا پێدەڵێن: سنوورت ئێرەیە بێت زیاتر ڕامەکێشە، ئەمکارانە لە دەستی ئێمە نایەن.. کێ گوتوویەتی لە دەستی ئێوە نایەن؟ بارکم گوێی مرۆڤ دەبێت سنووری خۆی بزانێت، سنووری ئێوە لە کوێدایە؟ سنووری تۆ لە شوێنێکدایە تەنیا خودا دەیزانێت، تۆ سنوورێکت نییە، (سەیرکە لە کوێدایە پایەی مرۆڤ) جەنابی بیل گەیتس ئەو هەموو پارەی هەیە، مەگەر کێشەیەك هەیە؟ مەگەر مەسەلەیەك هەیە؟ مەگەر کەسی بێزار کردووە؟ تازە من زۆریش خۆشحاڵم، چونکە ئەگەر ئەو بەرنامانەی دانەنایە من گیرم دەخوارد لەگەڵ هەزاران بەرنامەی سەخت و ئاڵۆز، هەموو ڕۆژێك دەبوایە پارەم بدایە و منەتیشم

هەڵبگرنایە، بەڵام ئێستا هەیە، زۆر خزمەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کردووە، خەریکی ئیشی خۆیەتی، ڕکابەریشی هەیە.

چەنێک خۆت خۆشدەوێت؟ بۆ ئەوەی کە خۆت خۆشبووێت و ڕێز لە خۆت بگریت، پێشمەرجێکی هەیە، پێشمەرجەکەش ئەمەیە: خۆت هەر بەو شێوەیەی کە هەیت قەبووڵ بکە، ڕەشیت، سپیت، بالاپەرزی، بالا کورتی، قەڵەویت، لاوازیت، قۆدرێژیت، کەچەڵیت، شارییت، لادێییت، خوێندەواریت، نەخوێندەواریت، ڕۆژهەڵاتیت، ڕۆژئاواییت، هەرچییەکیت.. هەر بەو جۆرەی کە هەیت (خۆت قەبووڵ بێت، خۆت خۆشبووێت و ڕێز لە خۆت بگرە) ئەوسا شۆڕش دەستپێدەکات، گۆڕان دەستپێدەکات، هەر ئەوەندەی کە خۆت خۆشویست و لەگەڵ خۆت ئاشتبوویتەوە و عەیبت لە خۆت نەدۆزییەوە دەبیت بە هاوڕێی خۆت ئیتر مێشکت دەستدەکات بە فێربوون، دەڵێت: مەحموود گیان بەڕاست پرسیارێک ؛ تۆ پێویستت بە هەندێک پارە هەیە؟ بەڵێ.. باشە من بۆت پەیدا دەکەم، خەونێکت هەڵدەستێنێت دەڵێت ئەمکارە بکە، لەناکاو دەبینیت لە زەوی و ئاسمانەوە نیعمەتت بەسەردا دەبارێت، من پشت بە خوا لە چەند مانگی داهاتوودا سیمینارێک پێشکەش دەکەم بەناوی (ڕازی چرای جادوویی) تا بزانن ئێوە چۆن بۆ سەرکەوتن بەدیهێنراون و چەند سادە دەستان بە سەرکەوتن دەگات، ئەو بابەتانەی تا ئێستا سەبارەت بە سەرکەوتن

بیسترتانە، سەبارەت بە خۆشیەختی، سەبارەت بە توانایی..
جەتێك راسته؟ ئەوە گرتنگ نییە کەبیتی دەلێن، گرنگ ئەوە نییە
راسته یان نا، گرتنگ نییە باوەر دەکەیت یان نا، گرتنگ ئەوە نییە
کاری پێدەکەیت یان نا، گرتنگ ئەوەیە کە قەبوولتە ر خۆت بە
شایستەی دەزانیت یان نا؟ من پێتاندەلێم شایستەن، دەبێت
جارەکانتان بشۆزبن و بە جۆرێکی تر ببینن.

یۆلوژنە: لە سیلبتدا شتێك هەیە سیستەمی پلەی ساردی و
گەرمی رێك دەخات، ئەگەر بتەوێت ژوورەکەت گەرمتر بێت
دەبێت پلەی گەرما بەرزتر بکەیتەوە یان ئەگەر بتەوێت ساردتر
بێت پلەی سەرما بەرزتر بکەیتەوە، بۆ ساردی و گەرمی پلەی
ژوورەکەت، کێشە لە ئامێرەکاندا نییە، کێشەکە لە سیستەمی
گەرمی و ساردییەکەدا نییە، کێشەکە لە کۆنترۆلی ئامێرەکەدایە،
لە دەروونی ئێمەی مرۆڤیشدا کۆنترۆل هەیە سەبارەت بە پارە و
سەروەت و سامان و هەموو شتێك.. تۆیش خاوەنی گەورەترین و
باشترین میکانیزمیت لە دەروونتدا، بەلام کۆنترۆلی خۆشبەختیت
لەسەر چ پلەیەك داناوە؟ کۆنترۆلی ژیانی هاوسەریت لەسەر چ
پلەیەك داناوە؟ کۆنترۆلی رەفتارت لەگەل منداڵەکەت لەسەر چی
داناوە؟ کۆنترۆلت سەبارەت بە پارە لەسەر چەند داناوە؟ دنیا پڕە لە
سامان، چەتایی بیل گەیتس ئەگەر بتوانێت ئەوەندە پارە پەیدا
بکات، تۆیش دەتوانیت ئەوەندە پەیدا بکەیت، بەلام کۆنترۆلەکەت

دیاویکراوە، ببل گەبنس ئەسلەن هیچ سنووربێك بۆ پاوەپەیداکردن دانانێت، ئێوەش کۆنترۆڵەکەت دیاریکراوە، فردەکەی کەمە، خەوبکیت وەفەبیتەوە لە سەوما، لەکاتێکدا ڤێرزەمبنەکەت پڕ لە سونەمەنی، پڕە لە مۆنتۆوی بەهێز، پڕە لە ئامێری بەهێز، بەڵام کۆنترۆڵەکەت لەکاوکەوتووە، چاکی بکەرەوە، ئەگەر زۆر بەرزە نزمی بکەرەوە، عەوەنی مەوێژە ماندوو مەبە..

ئێوە هەوکارێك دەکەن لەسەر بنەمای بەونامەکانی مێشکتان دەبکەن، چۆن بەرنامەت بۆ دانراوە؟ دایکوباوك چیبانگوتووە؟ کۆمەڵگا چی گوتووە؟ چ کتێبێکت خوێندووەتەوە؟ چ فیلمێکت دیوە؟ لە فیلمێکدا ئەکتەرێك دەڵێت:(گەنجی فارونم ناوێت، ماڵی فراوانم ناوێت، عەلی ببخەم و ئارام..) قاوون بەو هەموو سامانەوە خۆی کوشتووە و عەلی بێخەم دەچێتە ناو ڕووبارەکەوە ڕزگاری بکات، چونکە بە ماریفەتە و پیاوی باشە، گۆشتاو دەخوات.. من زۆر داوای لێبوردن دەکەم ئەمانە قسەی پڕچن، هەر لە منداڵییەوە لە ڕێگەی تیڤیی و هەتەو و.. ئەم قسە پڕوپووچانەیان خستووەتە مێشکی منەوە، من دەبێت سیوپێنج چل ساڵ زەحمەت بکێشم تاوەکوو لە کۆتوبەندیان بێمە دەرەوە، قاوون کەسێکی نەخۆشبوو، پەیوەندی بەمنەوە چییە؟ پەیوەندی بە سامانەوە چییە؟ عەلی بێخەم بە گوتەی خۆی دایکی لەبەر کێشەی ئابووری، لە مێردەکەی جیابیووەوە، پەیوەندی بە منەوە چییە؟

پەیوەندی بە ئێوەوە چییە؟ عەلی هونەرمەندە و لە دوای سەیاوەکەیەوە گۆرانی دەڵێت: "کاکی شۆفێر لەسەر خۆیە.." لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەڵێن: "بێپارەیی چەند خۆشە..!" کورە ئاخر بێ پارەیی کەی خۆشە؟! ئەمانە بەهۆی وێناکردن و بیرکردنەوەی هەڵەوەن، دەبێت چاوەکانمان بشۆرین و بەجۆرێکی تر بڕوانین، ئەمە بیرکردنەوەی ئەوانەیە کە پاوەیان بە دڵەڕاوکێ پەیداکردووە، بە ڕێ پەیدایانکردووە، هەیە ئامادەیە ژنەکەی لە دەست بدات، منداڵەکەی لە دەست بدات، بەس پاوەی هەبێت! ئەم پەیوەندیانە هیچیان پەیوەندی ڕاست و دروست نین، من کەسانی سامانداری زۆر دەناسم کە زۆریش بایەندن، ئێوە ڕەنگە باوەڕ نەکەن، بێتانوایە گەورەترین سەوگەرمی ملیاودێر و ملیۆنەرەکانی ئەمریکا چییە؟ دەبێت چی بێت؟ ڕەنگە بڵێن: فێرکردن، بەرۆکردنەوەی ئاستی کار، پاوەپەیداکرن، خۆشگوزەرانی یان کەشتی و سەیاوەی گرانیەها، سەفەر بۆ سەومانگ و... هەویەکە و بۆچوونێکتان هەیە، بەڵام ئاماریان وەرگرتوو کە گەورەترین سەوگەرمی ملیۆنەر و ملیاودێرەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە بچن لە کافتریاکاندا لەگەڵ هاوڕێکانیادا دابنیشن قسە بکەن و لەگەڵ ئەوەکانیانیشیاندا یاریی بکەن! ئەوە گەورەترین سەوگەرمییانە، ئەم کەشتی و دوورگە کڕین و پۆڵێداناانە هی ئەدیوبەی و تازەبێگەیشتووەکانە، دواتر دێتەسەوی، جیاوازی هەیە لەنێوان

کەسێکدا کە ساماندارە و کەسێک کە پارەی زۆرە، بۆ ئەم سەیری ژیاننامەی کەسانی سەرکەوتوو بکەن لە وڵاتەپێشکەوتووەکاندا کەسانی سەرکەوتوو و سەرمایەدار، دواتر دێینە سەر پێناسەی سامانداری، ساماندارەکان کەسانێکن کە ژیانێکی زۆر باشیان هەیە، ڕەفتاریان لەگەڵ خێزان و منداڵ و هەمووان‌دا ڕێکوپێکە.

ئێمەش دەبێت خزمانمان خۆشبوێت، ئەوەی ئێمە سەبارەت بە پارە و دەوڵەمەندی بیستوومە لە سەداسەد ڕاست نییە، ئێمە دەبێت ئەوشتانە هەڵبژێرین کە بۆ خۆشبەختی و سەرکەوتن یارمەتیمان دەدەن.

یەکێکی تر لەو شێوازانەی کە بەرنامە و پرۆگرامیان بە مێشکمان بەخشیوە سەبارەت بە پارە و سامان، پێشەنگەکان بوون، وانە ئێمە لە ژیانماندا پێشەوەی کە بزانن کەسانێک دەگەن بە پێشەنگی خۆمان کە دەکرێت دایک یان باوک، یان هەردووکیان بێت، ئێمە دەبێت پەیمان بدەین دەست لەم پێشەنگانە هەڵبگرین و بیانگۆڕین.

ئەم بەرنامە و پرۆگرامە زیهنیانەی مێشکمان کە سەبارەت بە پارە و سامان هەمانە و کردوومانە بە پێشەنگی خۆمان هەڵبژاردنی ئەوان بووە، بۆیە دەبێت ئێمە شێواز و پێشەنگێکی

نوێ بۆ خۆمان هەڵبژێرین و باوەڕمان بە خۆمان بێت و خۆمانمان خۆش بوێت.

سەبارەت بە ڕووداوەکانیش هەر وایە، یەکێک شتێکی بەسەرهاتبوو کە خانووەکەی لە دەستدابوو، فریویاندابوو و پارەیان خواردبوو، ئەو کەسە بۆ ئەم مەبەستە هات وادیزی بە من کرد.. بەیادی خۆتانی بهێننەوە ئەم ڕووداوە چ کاریگەرییەکی لەسەر من هەبووە؟ کاریگەرییەک کە ڕامبگرێت و بترسم و ئیتر نەجوڵێم، یاخود فێرم بکات لەکام ڕێگەیەوە بڕۆم باشترە؟ دەبێت درووستیان هەڵبژێرین. واتە هەر ڕووداوێک دەبێت پاڵنان بێت بخنێت بەرەو سەرکەوتن، نموونەی جومناستیکەکەتان لەبیر نەچێت، (پاڵەوانانی جومناستیک دەچنە سەرەوە و لە کەوتنە خوارەوەیان سوود وەردەگرن تا کەمێک هێز وەربگرن و دووبارە بچنەوە سەرەوە،) بەڵام من کە ئێستە جومناستیک نیم، ئەگەر لەوسەرەوە خۆم هەڵبدەم، وا دەکەومە سەر زەوی ناتوانم هەڵستمەوە. دەبێت فێربین کەوتن بۆ سەرکەوتن بەکار بهێنین، ئێوەش دەبێت هەمیشە کەوتن، بۆ سەرکەوتن بەکار بهێنن.

بەڵام چەندە خاڵ هەیە کە جیاوازی نێوان بیرکردنەوەی سامان و بیرکردنەوە هەژارییە، وەک لێرەدا کات نابێت تەواوی ئەم خاڵانەتان بۆ باس بکەم، بەڵام چەند دانەیەکیان کە سەرەکین، بۆتانی باسدەکەم، بۆیە داواتان لێدەکەم بێ سانسۆر تەماشای

خۆنان بکەن، ئەمانە بە سووکایەتی و شتی ناشیرین بەرانبەر بەخۆنان وەرمەگرن، ئەمە جۆرێك تێڕوانینە کە ئەگەر هەنێین هەژار دەبیت و جۆرێکی تر هەبێت ساماندار دەبیت.

١- بیرکردنەوەی ساماندارى: من نالێم ساماندار و هەژارەکان، ساماندارەکان ئاوا دەڵێن: من ژیانی خۆم دروست دەکەم.

- بیرکردنەرەی هەژاریی دەڵێت: چارەنووس ژیانی دیاریکردووم، راتا: ژیانی دەبێت بە ڕووداو!

بیرکردنەوەی سامانداراتە دەڵێت: من چارەنووسی خۆم دەگۆڕم، من ئابندەم داپێن دەکەم..

بیرکردنەرە هەژارانە دەڵێت: من بێ شەنسم، هاوڕێی خراپ نابەڵێت، چاوی ببس نابەڵێت..

ئەو کەسەی بیرکردنەرەی سامانداراتەی هەیە، هۆشیارە و رەك هەڵۆی بەرزەفڕ سەیری ژیان دەکات..

بەڵام ئەوکەسەی بیرکردنەوەی ناشاد و هەژار و داماری هەیە، لەبنی جالی مەزلومبیەندایە و هەموران بە ستەمکار دەزانێت، هەموران کاریگەریی خراپی لەسەر دادەنێن، هەموران خراپەی ئەمیان دەوێت، هەموران ئازاری دەدەن..

له کاتێکدا ئەو کەسەی سەرکەوتووە و شادومان و سامانداره، وەك هەڵۆ بەسەر ژیاندا دەڕوانێت، دەزانێت سبەینێ و دوو سبەی چی دەوێت.. ژیانی پڕ له ڕووداو نییە.

ئێستا ئەوکەسەی که هەژاره و ژیانی پڕه لەڕووداو، چەند تایبەتمەندییەکی نێگەتیڤی هەیە، هەمیشە خەریکی سەرزەنشتکردن و بۆڵەبۆڵە، هەمیشە دەڵێت: دایکم، باوکم، سەرۆکەکەم، دەوڵەت، شارەوانی، دراوسێ، ئەم، ئەو.. بۆیە ئاگاداربە هەر کاتێك دەستتکرد بە سەرزەنشت و بۆڵەبۆڵکردن، بزانە کەوتوویتە چاڵی مەزڵومبەنەوە، لە نێوچاڵداییت و خەریکیت ئاماژە بۆ دەرەوە دەکەیت، چونکە ئەوەی له چاڵدایه دەبێت له دەرەوە یارمەتی بدەن.

ئەوکەسەی کە خۆی بیرکردنەوەی سامانداراناتیە و خۆی ژیانی خۆی دابین دەکات، دەڵێت: من چی بکەم بۆ ئەوەی هاوسەرەکەم ڕازی بکەم؟ من چی بکەم بەرپرسەکەم ڕازی بکەم؟ چی بکەم هاوڕێکەم.. ڕازی بکەم؟ من چی بکەم سەرکەوتووتر دەبم؟

بەڵام ئەو کەسەی کە ژیانی پڕه له ڕووداو، یان سەرزەنشت دەکات، یان بۆ هەموو شتێك پاساو دەهێنێتەوە، ئەو پاساوەی مێشکی دەیهێنێتەوە بۆ پاراستنی باوڕدۆخی ئامادەیە، دەی باوڕدۆخی هەژاریی و بەدبەختی شتێکی باش نییە کە بنەوێ بەرگریی لێ بکەیت! وەرە دەرەوە لێی، بەڵام کەسی بەدبەخت هەر

ئەو و ڕۆژ هەر خەریکی پاساو هێنانەوەیە! دەڵێت پارە سوودی چییە، فلان کەس ئەو هەموو پارەی هەبوو.. یاخوود دەڵێت: بابە ئەوانەی کە دەوڵەمەند و ساماندارن یان باوکیان دز بووە یان خۆیان دزن، مەگەر دەکرێت بە ڕێگەی حەڵاڵ ئەم هەموو سەروەت و سامانەت بەدەستبهێنێت؟! خەریکە پاساو دەهێنێتەوە!!

هەرکاتێك بینیت خەریکی پاساو هێنانەوەیت، بزانە مێشکت هەوڵی هاوسەنگیت دەدات، بڵێ زۆر سوپاس، ڕێگەم بدە هاوسەنگیم تێکبچێت، لەبیرتان بێت، ئەگەر هاوسەنگیتان تێکبچێت، بە باروودۆخێکی تازە دەگەن، ئەو باروودۆخە تازەیەش باشترە لەوەی پێشوو.

منداڵ نابەوێت بچێت بۆ قوتابخانە، منداڵ نایەوێت سینەی دایکی بەو بدا، منداڵ نایەوێت ڤاکسینی لێبدەن، منداڵ نایەوێت گەورە بێت، منداڵ نایەوێت نێیگات.. دەی کەیفی خۆیەتی با نەیەوێت، ژیان خۆ ڕاناوەستێت. دەبێت هەمیشە هاوسەنگیت تێکبچێت، ئەمەش شتێکە کە مرۆڤی خاوەن بیرکردنەوەی سامانداوانە ئەنجامی دەدات، ئەوکەسەش کە نایەوێت، هەمیشە ڕادەوەستێت و باروودۆخی خۆی دەپارێزێت و بەرگری لەو باروودۆخە دەکات و دەڵێت: ئاخر من لە کوێی بێنم؟ مەگەر من چەنێك کاتم هەیە؟ مەگەر ژن و منداڵەکانم کاتیان بۆ هێشتوومەتەوە؟ من دایکوباوکم خورێندەوارییەکی وایان نەبوو، من ژنم، من پیرم، من

زۆر گەنجم، ئاخر دەزانیت من خەلکی لادێم؟ من دەروێشم، من سۆفیم، من فلانم، من ئیسلامم.. بەردەوام خەریکی پاساو هێنانەوەیە و دەرفەتەکان دەکوژێت. بۆیە ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتوو بیت، بەرپرسیاریێتی قەبووڵ بکە، بۆ خۆت، بۆ ئایندەت. ئەگەر پارەت نەبێت، کێشە نییە، بەڵام تکایەکم هەیە بۆ ڕێزی بە کە سانی ساماندار مەکە. کەسێك کە پارەی دەوێت، مەڵێ پارە پەرستە، مەڵێ لە خودا دوور کەوتووەتەوە..

من ڕۆژێکیان بە بارکی بەکێك لە هاوڕێکانم گوت: کاك فلان من دەمەوێت ساماندار بم، بەڵام لەولاوە دەڵێن ئەگەر ساماندار بیت، لە خوا دوور دەکەویتەوە و.. لەم جۆرە قسانە، گوتی: کێ قسەی وایکردووە؟ گوتی: خوای گەورە سامانداره‌کانی زۆر خۆشدەوێت، هەمیشە دەوڵەمەندەکان بۆ ماڵەکەی بانگ دەکات، ئەو کەسەی پارەی هەیە دەبێت بچێت بۆ حەج، فەرز دەبێت لەسەری، ئەگەر پارەت هەبوو دەتوانیت باجی هەڵەکانت بدەیت، ئەگینا دەچیتە زیندان.. گوتی: "پارە ئەك هەر چلکی دەست نییە، زۆریش پاککەرەوەیە." بە هەڵە ناوانیکت کردووە، پارە دەدەیت لێت خۆش دەبن..

ئێوەیش ئەگەر دەتانەوێت شاد و ساماندار بن، دەبێت باوەڕە هەڵەکانت سەبارەت بەپارە و سامان و .. فڕێ بدەنە دەرەوە تا ئازاد و خۆشحاڵ و ساماندار بن، تا وڵاتەکەتان ئاوەدان بکەنەوە و

دنیا بکەین بە شوێنێکی باشتر، هیچ سنووردارییەکیش نییە، بۆیە تکایە پاساو مەهێننەوە و سەرزەنشتی کەسانی تر مەکەن و بۆلەبۆلیش مەکەن.

هەندێك کەس دەڵێن ئەسڵەن پارە گرنگ نییە. من دەمەوێت پرسیاوێکتان لێبکەم: ئێوە بە هاوسەرەکەتان، بە منداڵەکەتان، بە هاورێکەتان، بە بەوێوەبەرەکەتان، بە هەر کەس کە لێتانەوە نزیکە، لە بەیانییەوە تا ئێوارە پێی بڵێ تۆ بەلای منەوە زۆر گرنگ نیت، بوون و نەبوونت جیاوازی نییە.. چی روو دەدات؟ دەڵێت بە جەهەنم، دەڕۆم، وایە ئێتر، هاوسەرەکەت زویر دەبێت و دەڕوات، هاوڕێکەت زویر دەبێت و دەڕوات، دەی باشە لە بەیانییەوە تا ئێوارە بە باوە بڵێ من گرنگیت پێنادەم، چی بکات؟ بێت دەست و پێت ماچ بکات؟ دەی دەڕوات ئیتر، دەبێت گرنگی پێ بدەیت.

بۆنموونە: ئەگەر من بەك ریاڵ لە دەست بکەوێتە خوارەوە، دەبێت هەڵیبگرمەوە یان نا؟ ڕەنگە هەندێکتان بڵێن نا هەڵی مەگرەوە، ئەوەچییە، خۆ پارە نییە.. بۆچی نابێت هەڵیبگرمەوە؟ کاتێك سرکایەتی بە یەك ریاڵ دەکەیت، سرکایەتیت بە پارە کردووە، یەك ملیۆن لەن، دەملیۆن ریاڵە. ئەگەر من بڵێم: من گرنگی بە مرۆڤ نادەم، بەلام تۆم خۆشدەوێت، دەپرسیت چۆن گرنگی بە من دەدەیت، لە کاتێکدا تۆ گرنگی بە مرۆڤەکان

نادەبینە؟! یان بڵێم من ئەسڵەن باوەڕم بە خەڵکی ئەم وڵاتە نییە.. بەڵام تۆ شتێکی تربت! کەسێك کە گاڵتە بە ئەتەوە و مێژووی گەلەکەی خۆی بکات، بە هەمیوانی دەکات، چونکە لقی ژێرخۆی دەبڕێتەوە. پارە پارەیە و دینار دینارە و دۆلار دۆلارە.. ئەگەر دینارێکت لێکەوتەخوار دەبێت گرنگی پێ بدەیت، ناوەکوو گرنگی بە پارە بدەیت، مەڵێ پێم دەڵێن ڕەزیلە.. دێینە سەر ئەوەش، ئەگەر گوێ بە قسەی ئەوانیتر بدەیت سامانداز نابیت، خەڵکی چی دەڵێن یا بیڵێن، تۆ کاری خۆت بکە، هەندێك کەس هەن هەمیشە بۆڵەبۆڵیانە تۆ کارت بەسەریانەوە نەبێت.

یەکێکی تر لەو کارانەی دەیکەین سکاڵاکردنە، هەندێك کەس هەر بۆڵەبۆڵ دەکەن، ڕەخنە لەم دەگرن، ڕەخنە لەو دەگرن، سکاڵا دەکەن.. من دەمەوێت ڕاهێنانێکتان پێ بڵێم، ئەم ڕاهێنانە تەنیا بۆ چل و هەشت سەعات ئەنجامی بدەن، بەڵێنتان پێدەدەم دوای ئەو چل و هەشت سەعاتە هەست دەکەن لە باشترین ڕۆژەکانی ژیانتان بەسەر دەبەن، ئەو ڕاهێنانەش ئەمەیە: هەر لە ئێستاوە بۆ ماوەی چل و هەشت سەعات، بۆڵەبۆڵ مەکەن. بۆ هیچ شتێك بۆڵەبۆڵ مەکەن، هەرگیز مەڵێن ناکرێت، تەنیا بۆ ماوەی چل و هەشت سەعات بۆڵەبۆڵ مەکەن، نە لەدەست زەوی، نە لەدەست ئاسمان، نە لەدەست خۆتان، نە لەدەست ئەوانی تر.. سەیرکەن چەند کارێکی قورسە! چونکە بەیانی تا ئێوارە خەریکین بۆڵەبۆڵ

دەکەین! ئەوکەسەی بەیانی تا ئێوارە بۆڵەبۆڵ دەکات هیچی بە هیچ نابێت، چونکە تێوە تەنیا یەك بیرکردنەوەتان هەیە، یەك وزەتان هەیە و یەك کاتیشتان هەیە. ئەگەر ئەمەشت ناییەت کرد بە بۆڵەبۆڵ، ئیتر وزەت پێ دەمێنێت؟ کاتت بۆ دەمێنێت؟ بیرکردنەوەت بۆ دەمێنێت؟ نا، ئەو کات ناتوانیت ساماندار بیت. کاتێك بۆڵەبۆڵ دەکەیت. ئەوکەسەی بۆڵەبۆڵ دەکات هەرگیز ساماندار نابێت، ئەوکەسانەی پاساو دەهێننەوە ساماندار نابن، ئەوکەسانەی سەرزەنشت دەکەن ساماندار نابن.. هەر بەم ئاسانییە! کێ ساماندار دەبێت؟ ئەوکەسەی بیر لە سامانداربوون دەکاتەوە، کێ خۆشبەخت دەبێت؟ ئەوکەسەی بیر لە خۆشبەختی دەکاتەوە، کە بیرکردنەوەت لای خۆشبەختی بوو، هەست بە خۆشبەختی دەکەیت و پاشان ڕەفتاریشت وەکوو خۆشبەختەکان دەبێت. بۆ ئەوەی باش لە بیرتان بێنێت وەکوو پیتی زمانی ئینگلیزی وایە Z، پیتی زێت لە سەرەوە دەستپێدەکات و لە خوارەوە کۆتایی دێت، ئەگەر لە خوارەوە ناوەحەتیت، بجووڵێ سەوەتای هێڵەکە، واتا ئەگەر لە ژیانت ناوازیت بگەڕێوە لە بیرکردنەوەکانتەوە دەستپێبکە، لەوێوە دەست پێ بکە. بۆڵەبۆڵ مەکە، گلەیی مەکە، سکاڵا مەکە، پاساو مەهێنەرەوە، باسی مەکە بۆچی ، چۆن بەدبەخت بوویت.. کاتێك خەریکیت بیری تەرخان دەکەیت بۆ ئەوەی کە چی بوویت و چیت لێهات و چۆن

بەدبەخت و مایە پووچ بوویت، من چیم دەکرد و چۆن بووم و ڕام دەکرد و وام لێهات.. ئێستا دەستدەکەیت بە باسکردنی ڕابردوو: من بەدبەخت بووم، من بێچارەبووم، ناوابووم، ئاوام لێهات، هەرچی هەوڵمدا نەکرا، نەمتوانی.. ئێستا کەیە؟ ئایندەی ئەوسایە! کەواتە بەم بیرکردنەوە و قسە و ڕەفتارانەت، ئایندەت بۆ ئێستا گواستەوە! ئێستا ئێکەیشتیت؟! کەوابوو بیری خراپ مەکەوە، بۆڵەبۆڵ مەکە، سەرزەنشت مەکە، لۆمە مەکە.. ئەگینا ڕابردووت بۆ ئایندەت دەگوازیتەوە، لە شوێنێکدا دەبێت ئەمە ڕابگریت، ڕابردوو ڕابوورد، ئێستا ئێستایە، لە ئێستاوە بیرکردنەوت بگۆڕە و بەبەرنامە و ئامانجەوە بڵێ: من ئەم بەرنامەیەم هەیە، ئەمکارە دەکەم، بیر لە سامان دەکەمەوە، بیر لە خۆشبەختی دەکەمەوە، بیر لە هارکاری دەکەمەوە.. ئایندەشت وای لێدێت، ئایندەت لەدەستی خۆتدایە، ئەی ئەو گەنجانەی ئێگەرانی ئایندەی خۆتانن، ئایندەت خۆت دروستی دەکەیت، ئەوەك دەوڵەت، ئەوەك باوکت، ئەوەك دایکت.. دەتوانن دروستی بکەن ئەگەر ڕێگە بدەیت، هەمووان دەتوانن ژیانی تۆ دروست بکەن ئەگەر ڕێگە بدەیت، ئایندە و ژیانی تۆ هیچ کەس ناتوانێت دروستی بکات جگە لە خۆت، ئایندە و ژیانت بە دەستی خۆتە، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە و زۆر سەختە، چونکە بەرپرسیاریی تیایە، مرۆڤ ئەگەر خۆی کارێك بکات ناتوانێت بۆڵەبۆڵ بەسەر

کەسدا بکات، چونکە خۆی بەرپرسیارە، بەڵام ئێمە وا ڕاهاتووین هەمیشە حەز دەکەین هەڵەکانی خۆمان بخەینە گەردنی ئەم و ئەوەوە.

بیرم دێت من منداڵ بووم، ئێمە خێزانێکمان هەبوو، هەموومان پێکەوە بووین، پور و خاڵۆژن و هەموویان.. لە خێزانەکەماندا من دەمبینی ئەم خانمانە، لە دوو بواردا پێکەوە ڕاوێژ دەکەن بۆ نموونە یەکێکیان دەیگوت: مینا گیان، ناوێکی ئەو چێشتە بکە بزانە تامی چۆنە؟ منیش لە دڵی خۆمدا دەمگوت سەیرە ئەمانە خۆ چێشتی دەستی یەکیان بەدڵ نییە، چۆن دەپرسێت تامی چۆنە؟ یەکێکیتریشیان بەرگدووری بوو، بۆنموونە دەیگوت: فەخری گیان، ئەم پارچەیەی لێ بپرم باشە؟ ئەمەش بۆ ئەوە بوو، ئەگەر سویر بوو بڵێت سەیرکە مینا گیان تۆ وتت، ئەگینا من خواردنەکەم باش دەردەچوو.. وای ئەم نۆماشە چۆن خەسار بوو، خۆزگە بە قسەی تۆم نەکردایە فەخری.. هەمووی خەتای تۆ بوو.. واتا بەشوێن بیانوویەکدا دەگەڕان..

تۆییش بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت، بەشوێن بیانوودا مەگەڕێ، هەڵەتکرد، بڵێ: هەڵەم کرد و بەرپرسیارێتییەکەی قەبووڵ بکە و دووبارە دەستپێبکەرەوە، ئاواهی سامانداریش دەبیت، ئەگینا بێچارە دەبیت، کات و فکر و وزەت، لەو کارانەدا بە فیڕۆ دەڕوات کە

هیچ نەخۆشیەکی باش و دروستیان نییە و بە پێنجەوانەوە وات لێدەکەن بە دواکەوتوویی بمێنیتەوە.

ئەم شێوە بیرکردنەوە و بۆڵەبۆڵکردنە، لەبیرتان بێت دوژمنی سەلامەتییانە! دوژمنی تەندروستییانە، دوژمنی خۆشبەختییانە، بە بۆڵەبۆڵکردن و باسارهێنانەوە دڵت ناو دەخواتەوە؛ بەڵام فکر و وزەت چڕ دەبێتەوە لەسەر شتی بێ ئاگام؛ ئێمە یاساییەکمان هەیە بەناوی یاسای (تیکس بینیشن) واتە یاسای (بەرفراوانبوون یان تەشەنە سەندن)؛ ئەگەر هەرشتێك بیرکردنەوەتی لەسەر چڕ بکەیتەوە، ئەو شتە دەشەنە دەسێنێت و فراوان دەبێت، بەردەوام زیاد دەکات؛ لەسیمیناری (بۆچی دەبێت چارەکانمان بشۆرین)دا، زیاتر ئەم بابەتەمان ڕوونکردووەتەوە، تەماشای بکەن، ئەگەر کاتێك من بیر لە شتێك بکەمەوە، ئیتر ناتوانم سەیری شتێکی تر بکەم، من بەوێنە سەیری پێش خۆم بکەم، ئیتر ناتوانم سەیری دوای خۆم بکەم؛ ئاگام هەر لای پێشەوەیە.

کەواتە ئێوەش بیر لە شتانێك بکەنەوە و تەرکیز بخەنە سەر شتانێك، حەزتان لە شتانێك بێت، کە لە قازانجتان بێت، کە سامانداترتر و شادومانترتان دەکات. کاتێك بۆڵەبۆڵ دەکەیت لەسەر شکستەکانت چڕ دەبیتەوە؛ لەسەر عەیبەکان چڕ دەبیتەوە، لەسەر کەموکورتییەکان. کاتێك من خەریکم بە شووێن

کەموکورتی هاورێکەم یان هاوسەرەکەم دا.. دەگەڕێم، بڕوا بە چ شتێک دەدەم؟ بە پەیوەندی خراپ!

خوشکان و برایان، پێشنیاز دەکەم: ئەگەر پێتان وایە پەیوەندییەکی باشتان نییە، قەڵەم و کاغەزێک هەڵگرن و سێ بۆ پێنج خاڵی باشی هاوسەرەکەتان، هاوبەشەکەتان، هاورێکەتان.. بنووسنەوە و وەک حەپێک، بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە ، رۆژی سێجار بیخوێننەوە، بزانە دوای چل و هەشت سەعات یان دوای یەک هەفتە چەنێک گۆڕانی باش لە ژیانتاندا ڕوو دەدات! ئەگەر لە کارمەندەکەت نارازیت، شتە باشەکانی بنووسە و بیانخوێنەرەوە، بزانە چی ڕوو دەدات؟!

ڕۆژێکیان بەیانی لە ڕادیۆوە گوێم لێبوو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کەناسێکدا دەکرد، گوتی: دەتوانیت پێمان بڵێیت تۆ پیشەت چییە؟ ئەویش گوتی: من پاککەرەوەم، گوتی: تۆ کرێکارێکی بەڕێز و زەحمەتکێشی شارەوانیت.. پیشەت چییە؟ گوتی: من کەناسم، پیشەم پاککردنەوەیە، خۆڵ و خاشاک کۆدەکەمەوە.. پێشکەشکارەکەش هەر هەوڵیدەدا ناوێکی جوانی پێبدات.. من دەمویست پێیبڵێم: کاکی بەڕێز، تۆ وا بیردەکەیتەوە کەناسی و پاککردنەوە پیشەیەکی خراپە، ئەم بیرکردنەوەیەش هەڵەیە، ئەگەر پاککەرەوەیەک کارەکەی خۆی خۆشبوێت و بە باشی ئەنجامی بدات کەسێکی شەریفە، هێندە ڕێزی هەیە کە بالاترین پۆستی وڵات

هەبێتی، ئەمە بیرکردنەوەی خۆتە کە سێبەری بەسەرتا هەڵداوە، ئێمە پێمانوایە ئەگەر پێی بڵێین کەناس یان پاککەرەوە یان فلان، ناونیشانێکی خراپە، ئەسڵەن شتی وا نییە، خەریکین بیرکردنەوەکانی خۆمان دەگۆڕینەوە، هەر کاتێک چووینە سەر جادە و سەیارەیەکی جوانت بینی نزا بۆ خاوەنەکەی بکە، بڵێ: خوا زیاتری پێبدات، بڵێ: ئافەرین، خوا پێی ڕەوابینێت چ تواناییەکی هەیە، چ سەیارەیەکی جوانی پێیە.. یان ئەگەر چوونە ناو خانوویەکی جوان و بینیت زۆر جوانە، لەبری حەسوودی ڕووی بکەیت بە خاوەنەکەی، بڵێ: وای زۆر جوانە.. ئەمەت چۆن دروستکردووە، ئەمەت لە کوێ کڕیوە؟ ئەگەر منیش بمەوێت خانوویەکی وا دروستبکەم دەبێت چی بکەم؟ دەکرێت منیش فێر بکەیت؟ ئەوکات ساماندار دەبیت! چونکە مێشکت نایبات بۆ شوێنێک کە زیانت بەرکەوێت، کاتێک بە چاکە و بە ڕێزەوە سەیری دەوڵەمەندێکرد و ویستت شتی لێوە فێربیت، مێشکت دەڵێت ئەگەر تۆیش بەمە بگەیت ئەوانیتر ئاوا لێت دەڕوانن، ئەوجا دەوڵەمەند دەبیت، هەر بۆیە دوعا بکەن، ڕێز بگرن، بە پێچەوانەوە ڕق و کینە دەرمەبڕن، حەسوودی مەبەن، جنێو مەدەن، چونکە ڕێگەی سامانداربوونی خۆتان بە دەستی خۆتان دادەخەن، دڵنیابم ئێوەش دەبن بە سامانداریکی زۆر دەست و دڵ باش.

هەندێك كەس پێیاندەڵێیت حەز دەكەیت ساماندار بیت؟ دەڵێت دەمەوێت ساماندار بم، بەڵام سامانداریکی شەریف، دەی باشە كێ پێیگوتوویت سامانداربوون بەكسانە بە بێشەرەفی؟ بۆچی وابیر دەكەیتەوە؟! ئەمە لە مێشكماندایە، ئەمانە ئەو گرێوگیایانەن كە دەبێت بژار بكرێن.

٢- كەسانی ساماندار، لەگەڵ كەسانی سەركەوتوو و ساماندارا تێكەڵ دەبن و هەڵسوكەوت دەكەن..

- هەژاران، لەگەڵ هەژاران و كەسانی نیگەتیڤدا دەگەڕێت..

ئەمە زۆر ڕاستە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر من بیركردنەوەی هەژارانەم هەبێ بچمە ناو سامانداوەكانەوە و هەمیشە هەست بە زەبوونی دەكەم و دەڵێم: من نیمە، من نیمە.. بیركردنەوەی هەژارانەیە، گەرانە لەگەڵ كەسێكدا دەگەڕێم كە لە ئاستی خۆمدا بێت. هەر بۆیە بەڕێوەبەرێكی ناشایستە، هەمیشە كەسانێكی ناشایستەی لە ژێر دەستدایە، بۆچی؟ بۆ ئەوەی بتوانێت بەڕێوەبەرێتی بكات.

بەڵام ئەگەر وەك (بیل گەیتس) بیربكاتەوە دەبێت هەرچی كەسە بە توانا كانە بهێنێت، هەرچی كەسی لێهاتووە بیهێنێت، بۆ

ئەوەی شنیان لێوە فێربێت و گەشە بکات، چونکە ئامانجی گەشەی ڕێکخراوەکەیەتی.

من نموونەیەکم هەیە با لێرە بیهێنمەوە: من بابە گەورەم خوا لێی خۆش بێت، کەسێکی ئەوم و ئبان بوو و زۆریش لاواز بوو، یەکپاوچە ئێسقان بوو، کوڕەکەی کە خاڵی من بوو، وەرزشکار بوو، ئەوکاتە لە زۆرانخانە زۆرانبازی دەکرد و بە تواناش بوو، منیش منداڵێکی بچووک بووم، ڕۆژێکیان بە باوکی گوت: بابە گیان حەزدەکەم بێیت بۆ زۆرانخانەی فلان، من لەوێم.. بە کورتی ئێمەیش ڕۆشتین و منیش منداڵبووم و دەستی بابەگەورەم گرتبوو، کاتێك گەیشتین، لەناکاو کەسێك لە زەنگەکەی دا و گوتی: سڵاوتان لێبێت.. پاڵەوانەکان بە هەیبەت و بە تواناوە هاتن، منیش زۆر بە لامەوە خۆشبوو، بابەگەورەم لە ئەوێش پاڵەوانەکانەوە بە جەستەیەکی لاوازەوە دانیشتبوو، بابەگەورەم ئەهلی شیعر و ئەدەبیات بوو و دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو، پاشان ئێمە دانیشتین و ئەوانیش ویستیان ئەوپەڕی ڕێز لە باپیرم بگرن، سینییەك گۆشتاویان هێنا و گوتیان: کاك حاجی فەرموو پاشان خۆت ڕووت بکەرەوە، باپیرەیشم بە زاراوەی خۆی گوتی: زۆر سوپاس کاکە گیان دەستانخۆش بێت، گوتی: کاك حاجی نابێت فەرموو وەرە مەیدانەوە، ویستی بە زۆر بیبات، باپیرم گوتی: نا ڕۆڵە گیان نا.. هەر زۆریان لێکرد کە خۆی ڕووت بکاتەوە، گوتی:

ئەگەر من لەگەڵ ئەبووم نییە؟! دەڵێم نا، دەیبوون نیین، ئەوانیش یەکسەر کۆڵیاندا و گوتیان: ببورە ببورە و ڕۆیشتن. لەو کاتەدا ی منداڵ بووم گوتم: باپیرەگەورەم چەند توندوتیژە! چەندە سارد دەرڕا خۆ ئەمانە دەیانەوێت چاکەی لەگەڵ بکەن، هاتوون ڕێزی لێبگرن.. بۆچی شەڕیان لەگەڵ دەکات؟! (گومان پرسیار لە مێشک گیر دەبێت) ئەم پرسیارە لە مێشکی من گیربیوو، پاشان بیرم کردەوە: گوتم باشە ئەگەر باپیرم خۆی ڕووت بکردایەتەوە هەر پێست و ئێسقان بوو.. لەبەردەم ئەو هەموو پاڵەوانە ئەگەر مێلێکی بەدەستەوە بگرتایە و بیویستایە وەک ئەوان هەڵی بسوڕێنێت ئەندام و لەشولارێکی وای نەبوو تا نمایشی بکات، نومەس لەبەر ئەمە بوو خۆی ڕووت نەدەکردەوە، بۆیە تووڕە دەبوو.. چونکە خۆی بەراورد دەکرد.

من پێشنیار دەکەم: هەرکات داوایان لێکردن بڕۆنە مەیدانەوە بۆچی؟ بۆ ئەوەی ئازار بچێژێت، بۆ ئەوەی هاوسەنگیت تێک بچێت و ئینشەڵڵا بچینە شوێنێکی باشتر، بۆچی دەتەوێت هەر وا خۆت بهێڵیتەوە؟ بڕۆ بۆ لای ئەدیبەکان، بڕۆ بۆ لای هونەرمەندەکان، بڕۆ بۆ لای وتاربێژەکان، بڕۆ بۆ لای کەسانی تێگەیشتوو، بڕۆ بۆ لای سیاسەتمەدارەکان، بڕۆ بۆ لای کەسانی سەرکەوتوو و ساماندار.. ئەوکاتە بزانە چەند کەم وکوڕیت هەیە! حەزی فێربوون لە گومانەوە لە دایک دەبێت، کەسی هەژار لەگەڵ کەسانی دەوڵەمەندا

دەگەڕێت بۆ ئەوەی باساو بۆ هەژاری و شکستەکانی بهێنێتەوە و بڵێن: بە ڕاستی ژیان سەختە، هەلومەرج زۆر نالەبارە، ئێمە لە گەمارۆداین، ئێمە لە کێشەداین.. هەر لەو ساتی گەمارۆیەدا هەندێك کەس خەریکن پارە پەیدا دەکەن.. ئێوەیش هەوڵبدەن لەگەڵ کەسانی بەهێز بگەڕێن، لەگەڵ کەسانی تەندروستدا بگەڕێن، لەگەڵ کەسانی پۆزەتیڤدا بگەڕێن، با ئازار بچێژن.

٣ - سامانداروەکان وەرگری باشن، واتا ئامادەن بۆ ڕاکێشان، هەژارەکان بە پێچەوانەوە، هیچ ئامادەییەکیان بۆ وەرگرتن و فێربوون و ڕاکێشان و تێگەیشتن نییە، بە مانایەکتر سامانداروەکان قوتابییانێکی باشن، بەلام هەژارەکان لایان وایە هەموو شتێك دەزانن! بابەتە زانستییەکان، ئەلکترۆنیك، ئەندازیاریی، فیزیك کوانتۆم، سیاسەت.. دەزانن، پێیانوایە دەتوانن لەسەر هەموو بابەتێك قسە بکەن! بەلام کاتێك لەگەڵ سامانداریێك دادەنیشیت قسە دەکەیت و باسی شتێك بابەتێك دەکەیت، دەڵێت: بە وردی گوێت بۆ دەگرێت.. بۆنموونە دەڵێت: بەڕاست بۆرسەی فلان چۆنە بە ڕای تۆ بەرزە یان نزمە؟ بیستوومە فلان کتێب سەبارەت بە کارگێری هاتووە، ڕات سەبارەت بەوە چییە؟ واتە هەمیشە لە بیری ئەوەدان گەشە بکەن، هەمیشە لەبیری ئەوەدان کە چۆن باشتر و باشتر بن.. خانمێك کە لەبیری خۆشگوزەرانی ماڵەکەیدابە، چی دەکات؟ ببورە ئەم قەنەفەیەتان لە کوێ کڕیوە؟

ئەی نرخەکەی چەندە؟ لەو دەپرسێت، لەم دەپرسێت.. جونکە هەمیشە لە بیری ئەوەدایە ماڵەکەی خۆش بکات. بەڵام یەکێکی تر هەیە دەڵێت ئەوە قەنەفەنان کڕیوە! جا چییە با لەسەر زەوی دانیشن، قەنەفەی تازە و کۆنە جیاوازییان چییە؟ وەك ئەو کەسەی کە دەیگوت: من نیمە با ئەویش نەیبینێت. ئەم دەڵێت جی بکەم بۆ ئەوەی زیانم هەبێت و دەبەوێت فێربێت و فێربیش دەبێت.

٤- سامانداڕەکان لەبەرانبەر ئەنجامەکاندا حەقی خۆیان وەردەگرن، بەڵام هەژارەکان لەبەرانبەر کاتدا، هەژار دەڵێت: من هەشت سەعات ئیشم کردە دوو سەعاتیش کاری زیادەم کرد.. بەڵام سامانداڕ دەڵێت من ئەمکارە و ئەو کارەت بۆ دەکەم و ئەوەندەشم دەوێت، بۆنموونە وەك کاری وەك پارێزەریی و وەك کاری ڕاوێژکاریی. بیرکردنەوەی هەژارانە سەیری سەعاتی ئیشکردن دەکات، بیرکردنەوەی سامانداڕانە بیر لە ئامانج دەکاتەوە. ئەو کەسانەی لە کۆمپانیا هاوکاری منن دەزانن، من دەڵێم گرنگ نییە کە دەچێت بۆ بانك و دەگەڕێینەوە، گرنگ ئەوەیە چیت کردووە؟ ئێمە دارامان لە بانك نەمەیە، ئێمە داوامان لە دارایی نەمەیە، داوامان لە وەزارەتی کار نەمەیە، ئەمە داوای ئێمەیە.. ئێستا کە هاوکارەکانم دەچن بۆ ئەوێ، ئەسڵەن لە بیری ئەوەدا نین کە چ سەعاتێك دەچن و کەی دێنەوە، ئەنجامیان دەوێت، هەرکەس بەشوێن ئەنجامەوە بێت براوەیە.

دەرامەتی زیاتر یەکسان نییە بە ساماندارپوون، وا بزانەکەبنەوە ئەگەر بۆنموونە: مانگانەکەت بگاتە ئەوەندە ساماندار دەبیت ئەخێر.

ئێستاش با ئەم بارییە بکەین، یەکەم: هەر ئێستا یەکێ زەرفێکتان پێدەدەن سەدهەزاری تێدایە چی لێدەکەن خۆتان دەزانن، چۆن پێناخۆشە وای لێبکەن.

دووەم: زەرفێکی دیکەتان دەدەنێ پێنسەدهەزاری تێدایە چی لێدەکەن؟ بێگومان هەندێکتان دەڵێن: نیوەی دەبەخشم و نیوەی بۆ خۆم هەڵدەگرم هەشە دەڵێت سەیارەی پێدەکڕم، سەفەری پێدەکەم خانووی پێدەگۆڕم بازرگانی پێدەکەم، ئیشی پێدەکەم دوکان دادەنێم، زەوی پێدەکڕم مالەکەمی پێدەگۆڕم ناومالەکەی جوان دەکەم.. ئەگەر دەڵێت پێنسەدهەزار کەمە بۆت دەکەن بە یەك ملیۆن دوو ملیۆن پێنج ملیۆن دە ملیۆن سەد ملیۆن یەك ملیارد هەرچییەکت بدەنێ هەر ئێستا خەرجی دەکەیت! لە پێشەوە خەرجتکردووە: وا ئەزانیت دەرامەتت زیاد بێت ساماندار دەبیت چونکە هەر لە ئێستاوە بەم بیرکردنەوەت چاڵت بۆ هەڵکەندووە تەنیا کەسانێك ساماندار دەبن کە دەزانن چۆن و لە کوێدا دەبێت پارە سەرمایەگوزاریی بکەن. بیرکردنەوەی سامانداڕانە ساماندارت دەکات نەوەك دەرامەت.

من لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا باسی ئەم بابەتەم کردووە، گوتوومە: دەڵێن ڕیژەی کارکردنی کارمەندانی ئێرانی هەشت خولەکە، ڕیژەی کاری کارمەندانی ئێرانی یەکسانە بە ڕیژەی کارکردنی ڕێکخراوە ئێرانییەکان، هەر ئەو کارمەندە، لە دەرەوە نیشی تەکسی دەکات، کاری تر دەکات، هەر ئەو خێزانە ئێرانییە بەو مووچەی کارمەندییە، دەچێت بۆ سەفەر، دەچێت بۆ سەیران، ژن بۆ کورەکەی دەهێنێت، کچەکەی دەدات بە شوو، پێشوازی دەکات، میوانداری دەکات، تەنانەت خانووش دەکڕێت، بۆچی ڕیژەی کارکردنمان نزمە و ئەوەندە، دەرامەتمان بەرز،؟ لە کاتێکدا لە گوندەکاندا ژیانێکی خۆشگوزەران دابین دەکەین، بۆچی ڕیژەی کارکردنمان نزمە کاتێک کە کەسانێک هەن لەناو بیابانەکاندا و لە خراپترین هەلومەرجدا ژیانێکی زۆر باش و سەرکەوتووانەیان بۆ خۆیان دابینکردووە و سەدان ساڵیشە تێیدا دەژین و دەشزانن بژین؟ کارنەکردن سروشتی ئێمە نییە، ئەو، سروشتی دەزگا و ڕێکخراوەکانە، ئەوان دەبێت بچنە ژێر پرسیارەوە، نەوەک خەڵکی ئێمە.

هەریەک لە ئێوە، مێژوویەکی بەهێز و تەندروست و پتەو لە پشتتانە، زۆر شت کە لە ڕابردوودا فێری بوون ئێستا ئیتر بەکەڵکتان نایەت، دەبێت بڕاریان بکەیت، بۆ زەمانی خۆی باشبوو، بەڵام بۆ ئێستا باش نییە، فڕێیان بدەن، بەکێک لەوانە

ئەوەیە: ئاگات لە خۆت بێت قبڵت لێ نەکەن، ئەگەر شەڕت بوو، بەچی شەڕ دەکەیت؟ ئەسڵەن واز لە شەڕکردن بێنە. ماوەیەك ئەم شتانە باو بووە ئێستا ئیتر باویان نەماوە. ئێستا بیربکەرەوە وەك مرۆڤێك دەتوانیت چی بۆ هاوڵاتییەکانت بکەیت؟ چۆن دەتوانیت ناویان بەرز بکەیتەوە؟ چۆن دەتوانیت وەك کووروش و داریوش و کەریم خانی زەند.. ناوی وڵاتەکەت بەرز بکەیتەوە؟ ئەگەر کەسێك هات بۆ وڵاتەکەت بڵێت ئافەرین بۆ ڕۆڵەکانی، شێرەیان ئاوەدانکردووەتەوە... من و تۆ دەبێت ئاوەدانی بکەینەوە، چی بکەین؟ دەبێت بیرکردنەوەمان بگۆڕین، ئێستا هەرچەندە پارەت بێتە دەستبەجێ خەرجی دەکەیت، مەگەر ئەوەی کە بزانیت چۆن ساماندار دەبیت کە ئێستا پێتان دەڵێم.

٥- سامانداره‌کان، سامان بەسەختی کاریان بۆ دەکات، واتا پارە شەو و ڕۆژ بەسەختی خەریکە ئیش بۆ سامانداره‌کان دەکات. بەڵام هەژارەکان بە سەختی ئیش بۆ پارە دەکەن! دەوڵەمەند پارە ئیشی بۆ دەکات، هەژار ئیش بۆ پارە دەکات! دەبێت پارە ئیش بۆ تۆ بکات نەوەك تۆ ئیش بۆ پارە بکەیت. کاتێك تۆ بۆ پارە ئیش دەکەیت تۆ غولام و بەندەی پارەیت، غولام و بەندەش ئاگات بە پادشابی، ئاگات بە ئاغابی، ئاگات بە خانی.

٦- سامانداره‌کان، سەروەرای ترس، دەترسن و هەنگاو دەنێن! هەژارەکان دەترسن و ڕادەوەستن!

کەسێك کە سامانداره وانیبە کە نەترسێت، هەرگیز هەوڵ مەدە ترس لەنێو بەرێت، ترس ماڵی بکە، سوود لە ترس وەربگرە بۆ هەڵدانی خۆت بۆ باروودۆخێکی تازە، ترس وەك ئەو کەوتنە وایە کە جومناستیکێك دەکەوێت، دەکەوێت بۆ ئەوەی بەرزتر بێتەوە، تۆیش سوود لە ترس و گوشار وەربگرە هەتا بگۆڕێیت و بگۆڕێت و بگۆڕێت.. ترسەکانتان ماڵی بکەن و بیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆتانەوە، ئەوەك لێی بترسێت یان لە نێوی بەرێت.

ئێمە هەمووەمان دەتوانین سامانداربتر بین، ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە بنەماکان فێربووین، بزانن کە دوژمنی ترس، هەنگاونانە! هەرکاتێك ترسان، بترسن و هەنگاو بنێن، بترسن و بڕۆن، بترسن و دەستپێبکەن، من ناڵێم مەترسن، دەڵێم بترسن و بڕۆنە پێشەوە، لەناکاو دەبینن هەمووشتێك لەبەردەم ئیرادەتاندا دەتوێتەوە، (بترسە و برۆ پێشەوە، بیترسە و برۆ پێشەوە، بترسە و برۆ پێشەوە.)

لەراستیدا خانەکان زۆر باش پاشەکەوت دەکەن، خانوو دەکڕن، سەبارە دەکڕن، تەنیا ئەوەندە هەیە کە پاڵنەر و ڕەگی پاشەکەوتکردنیان دڵەڕاوکێیە. پارە لای ئەوان بەکسانە بە دڵنیایی، ئەگەر خەرجی بکەن هەستدەکەن دڵنیاییەکەیان نامێنێت. ئێوە دەبێت ئەم پەیوەندییە تێك بشکێنن، دەبێت پارە لە مێشکتاندا بەم جۆرە پێناس بکەن کە: پارە بەکسانە بە

خۆشگوزەرانی زیاتر، پارە ئارامییە، پارە دەرفەتی بوونە خاوەنی هاوسەر و منداڵە، پارە هاوڕێیەتی زیاترە.. ئەم پەیوەندیانە لە مێشکماندا بگۆڕن.

هەریەك لە ئێمە لە دەروونماندا بازنەیەکمان هەیە بەناوی بازنەی ئارامی و دڵنیایی، ئەوانەی بیرکردنەویان هەژارانەیە، حەز دەکەن دڵنیاییان هەبێت، واتا قەرزەکانیان بدەنەوە و ئارام بن و دوور بن لە سەرئێشە، بەردەوام لەو بازنەیەدا بچووك دەبنەوە، چونکە لە دەرەوە گوشاری ژیان لەسەریان زۆرە، بەردەوام بچووك دەبنەوە، تەنیا شتێك کە دەتوانێت ساماندارتان بکات ئەوەیە لەو ناوچەی دڵنیاییە بێنەدەرەوە، کاتێك هاتیتەدەرەوە توانای زیاتر دەستدەکەوێت، کاتێك ئەو ناوچەیەت بەجێهێشت و هاتیتە دۆخێکی تازە، ئیسنا مێشکت دەتەوێت ئەو دۆخە تازە بپارێزێت، بەڵام تۆ دەبێت بەرە دەرەوە، ئەسڵەن تەواوی دونیا بگرە، هیچشتێك ڕوو نادات، نموونەشمان ئاغای (بیل گەیتس)ە، کەسێکی زیندووە و هەمووشمان دەیناسین، لە مێژوودا نییە. بۆیە هیچ هەوڵمەدە هەمیشە لە دڵنیای و ئارامی و بێدەنگیدا بیت، ئەمە واتای مەرگە نەك ژیان، (خامۆشی ساتی مەرگە، هەموو ژیان ئەوەیە کە بە خامۆشی نەمرین.) هەرکاتێك بتەوێت بێدەنگ و ئارام بیت، وەك ئەوە وایە بمریت، جوجوڵت هەبێت، خۆکوشتن

نالێنم، دڵەڕاوکێ نالێنم، سەرنێشە نالێنم، جوولان، هەوڵدان، بەرنامەدانان.

مامانداڕ هەمیشە بیردەکانەوە و دەڵێت پارە ئازادی کارم بۆ دەهێنێت، کاتم بۆ دەهێنێت، دەرفەتم بۆ فەراهەم دەکات خۆم نیشان بدەم و بەرەوپێشەوە هاوکاری بکەم، یارمەتی بدەم..

ئێستا زۆر کەس لە ئێوە دەتانەوێت ڕاوێژم پێ بکەن، من کاتم سنووردارە، بەڵام ئەگەر من بتوانم لە ڕووی ماددییەوە کێشەکانم چارەسەر بکەم، دەتوانم سیستەمێک دابنێم پێنج سکرتێرم هەبێت، هەر یەکەیان وەڵامی کۆمەڵێک بدەنەوە، سێ‌چوار کەسی دەروونناس بێنن و قسەیان لەگەڵ بکەن، گرووپەکان پێکەوە دابەش بکەین، ئەم گرووپە لێرە و ئەو گرووپە لەوێ.. ئەگەر شتێکیش هەبوو من لە خزمەتتانام، ئێوە کێشەکان بەوپێوە دەچن، بەڵام سەرمایەی دەوێت، دەبێت سەرمایەی بۆ دابین بکەین.

دەبێت بیرکردنەوەت بیرکردنەوەیەکی سازێنەر بێت و بزانیت کە پارە هەموو شتێک نییە، بەو مەرجەی کە هەتبێت، ئەگەر نەتبێت هەموو شتێکە.

یەکەم جار جووتیارەکان چی دەکەن کاتێک دەیانەوێت تۆوێک بچێنن؟ زەوییەکە دەکێڵن، ئێوەیش دەبێت زەینتان بکێڵن، لەو حاڵەتە ڕەق و سەختە بێنە دەرەوە، شیی بکەنەوە، با هەوا بچێتە ناوییەوە.. دووەم: تۆوەکان دەچێنن. سێیەم: ئارام دەگرن، لە

جواره‌میشدا: بژاری دەکەن، ئێوەیش لە کێلگەی زەبینتاندا گژوگیا دەڕوێت: منداڵەکەم دەدزن، بارەم لێ قەرزدەکەن، قەرزەکانم جی لێ بکەم، حەسوودیم پێ دەبەن.. ئەمانە دەبێت بژار بکرێن، ئاگانان لێبێت وەك من چۆن لە باڵکۆنەکەوە سەیرم کرد و زەبینی خۆم بژار کرد، ئێوەیش زەبینی خۆتان بژار بکەن، وا ئەزانن جیاوازن.

٧- ساماندارەکان بیر لە دەرفەتەکان دەکەنەوە، چ دەرفەتێك هەیە؟ لە کوێ دەتوانم سەرمایەگوزاری بکەم؟ لە کوێ بیهێنم؟ لە کوێ دەتوانم دروستی بکەم؟ چۆن بیهێنم، بە کێی بفرۆشم؟ کێ پڕۆژەیەکی باشی هەیە..؟

بەڵام بیرکردنەوە هەژارانە بیر لە کێشەکان و گرفتەکان و خاڵە ئێگەتیڤەکان دەکانەوە: هەر زوو دەمزانی کە نابێت، ساماندار بیر لە دەرفەتەکان دەکانەوە هەر بۆیە دەرفەتی بۆ دروست دەبێت. دیسان دووبارەی دەکەمەوە کە حەفتەن (سیمیناری بۆجی دەبێت چاوەکانمان بشۆرین) تەماشا بکەن، ئەگەر بەردەوام شتێك لە مێشك و بیرکردنەوەندا شتێك دووبارە بکەیتەوە ئەو شتە دەستەبەردەکەیت، بە دەستی دەخەیت، ئەسڵەن واقعی ژیانت دەگۆڕێت، تەنیا لەبەر ئەوەی کە دەتەوێت و بیری لێدەکەیتەوە. هەر شتێك زیاتر بیلێیتەوە لە مێشکتدا زیاتر دەچەسپێت، ئەگەر هەر بیر لە کێشەکان بکەیتەوە، کێشەکان زیاد دەکەیت و دەگەیت

بە بنبەست. هەر بۆیە هەرگیز لەگەڵ کەسانی نەرێنی و کەسانی لاواز و کەسانی کورت بین و کەسانی حەسوود و ترسنۆکدا راوێژ مەکەن. چونکە ئەمانە ترسنۆکن و هەروەهاش بۆ تۆ دەگوێزنەوە و تۆیش دەترسێنن، واز لەم کەسانە بێنن، بیر لە دەرفەتەکان بکەنەوە، کێشە و گرفتەکان لە ژێر سایەی دەرفەتەکاندا خۆیان چارەسەر دەبن.

ئەگەر دەتانەوێت بەکەسێر سەرکەوتوو بن، ئەم شێوازە پەیڕەو بکەن: هەر کات ویستتان تەقە لە نیشانەیەک بکەن، سەرەتا ئامادەبە و بەکەسەر تەقە بکە. کە تەقەت کرد، دەزانیت تفەنگەکەت چەندە توانای هەیە، بەرکوێی نیشانەکە دەکەوێت، پاش ئەو، ڕێکی بخە و نیشانە بگرەوە، یەکەمجار تەقە بکە، واز لە یەک دوو سێ بهێنە، واتە سەرەتا ئامادەبە و نیشانە بگرە و پاشان تەقە بکە، هەرکات ئامادە بوویت تەقە بکە. پاشان بڕۆ پێشەوە سەیریکە بزانە لە کوێت داوە؟ ئەوسا مێشکت دەزانێت بۆ جاری دووەم دەبێت لە سەرو تر بدەیت، یان لە خوارتر. کاتی خۆت بەوە بەهەدەر مەدە کە حەقەن لە ناوەڕاستی بدەیت. ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتوو بیت، سەرەتا تەقە بکە، واتا: ئامادە، تەقەکردن، نیشانەگرتن. نیشانەگرتنەوە دوای تەقەکردنە. ئەوانەی کە زۆر نیشانە دەگرن دەیانەوێت هەڵنەکەن، دەیانەوێت بە یەک گوللە ڕێک لە ناوەڕاستی نیشانەکە بدەن! ئەمەش هەڵەیەکی زۆر زۆر

گەورەیە، چونکە کات لە دەست دەچێت. هەندێك کەسنان دیوە یەکەجارە یارییەك دەکەن یەکسەر دەیبەنەوە! تۆیش یەکەم گوللە بتەقێنە ڕەنگە لە نیشانەکە بدەیت، گوللەیەك بتەقێنە و چاوەڕوان بە. ئەگەر بتەوێت زۆر دڵنیابیت لەوەی سەرکەوتوو دەبیت، زۆرێك لە دەرفەتەکان لە دەست دەدەیت، بیرکردنەوەی تەواوی ساماندارەکان بەم شێوەیەیە، یەکەجار بەراورد دەکەن و پاشان کە ئامادە بوون یەکسەر تەقە دەکەن.

لە حاڵەتی بیرکردنەوەی هەژارانەدا تەنیا بیر لە کێشەکان دەکەینەوە، بیر لە گرفتەکان دەکەینەوە. من کاتێك فرۆشیاری پارچەکانی ئۆتۆمبیل بووم، دەچووم بۆ شەقامی چراغ بەرق، پارچەم دەکڕی و لە دوکانەکەی خۆمدا دەمفرۆشتەوە و زۆریش قازانجم دەکرد. سەیر لەوەدایە کە دوای ماوەیەك لە شەقامی مەجیدییە کە دوکانەکەی منی لێ بوو و ئیشم لێ دەکرد، لەم دوکان شتم دەکڕی و بەو دوکان دەفرۆشتەوە. ئەمان زۆری هەبوو و بۆی نەدەفرۆشرا و ئەویان کەمی هەبوو. لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەگەر ئەمانە تەلەفونێك بۆ یەکتری بکەن ئیتر خۆ من کاروکاسبیم نامێنێت! یاخود ئەگەر تەلەفونێك بکەن بۆ چراغ بەرق ئیتر من بێ ئیش دەبم، بەڵام بۆچی نەیانکرد؟ چونکە نایانەوێت موجازەفە بکەن! دەیانویست هەموو شتێك ئامادە بێت، لەگەڵ کەسێك مامەڵە بکەن کە بیناسن و لەگەڵ هیچ

کەسێکی تازە ڕووبەڕوو نەبنەوە! منیش سووردم لەم دەرفەتە دەبینی. ئەوکات من ڕۆژی حەوتهەزار دۆلارم دەستدەکەوت، ماستەریشم هێنابوو و خوێندنم تەواو کردبوو، لە بەشی پیکابەکەوە دادەنیشتم و پارچەم بەم و بەو دەفرۆشت، لەمم وەردەگرت و بەوم دەفرۆشت، پارچەی ئۆتۆمبێل لە هەموو جۆرێک.

ڕاهێنانی ئێمە لەمەودوا بۆ لێدان لە ئیشانە دەبێت بەمجۆرە بێت: ئامادە، تەقەکردن، ئیشانەگرتنەوە، واتا سەرەتا هەنگاوێان دەستپێبکرد، نیچە دەڵێت: (ئەو شکستەی ئەمکوژێت بە هێزترم دەکات.) ئۆیش هەر شکستێک ئەگەر نەتکوژێت بەهێزترت دەکات کەواتە لە شکستخواردن مەترسە، زۆربەی ترسەکانمان ڕەهم و خەیاڵاتن، داوانان لێدەکەم بە وردی سەیری سیمیناری (دەبێت چارەکانمان بشۆربین) بکەن، باشتر بۆتان ڕوون دەبێتەوە، هەروەها بە هاوڕێکانیشتان بڵێن سەیری بکەن، ئەگەر سەرنجێک نێبینیبەکتان هەبوو، خۆشحاڵ دەبم پێم بڵێن.

٨- لە بیرکردنەوەی سامانداراندا: سامانداراکان، سامانداراکانیان خۆش دەوێت.

بەڵام بە پێچەوانەوە: هەژارەکان ڕژد و قینیان بەرانبەر بە بەدەستهێنەرانی سامان هەیە.

سامانداره‌کان کاتێك سامانداریێکی تر ده‌بینن بۆنموونه ده‌ڵێن: تۆو (بیل گه‌یتس) چه‌ند سامانی پێکه‌وه ناوه‌، فلان که‌ست دبوه‌ چی دروست کردووه‌؟! به‌رده‌وام خه‌ریکی وه‌سفی به‌که‌رین..

به‌ڵام ئه‌وکه‌سه‌ی که بیرکردنه‌وه‌ی هه‌ژارانه‌ی هه‌یه‌، ده‌ڵێت: به‌ ده‌ردیان بێت، ئاخر من نازانم ئه‌م هه‌موویان بۆچییه‌، ئه‌مانه خۆ تێر نابن.. وا ده‌زانێت ئه‌گه‌ر ئه‌ر نه‌یبێت، ده‌ست ئه‌م ده‌که‌وێتا ئه‌سڵه‌ن شتی وا نییه‌.

که‌واته له بیرت نه‌چێت هه‌ر کاتێك که‌سێکی سامانداریان خانوویه‌کی خۆش یان سه‌یاره‌یه‌کی جوان ده‌بینیت، پیایدا هه‌ڵبڵێ! له‌به‌رزبوه‌نه‌یی و له‌ فازانجنداییه‌.

ڕه‌نگه ئه‌م ڕستانه به‌لای هه‌ندێکتانه‌وه قورس بێت، به‌ڵام ئه‌گه‌ر ده‌تانه‌وێت سامانداربن دبێت به‌م جۆره‌ بیر بکه‌نه‌وه‌، ئه‌گه‌ر قورس بێت به‌لاتانه‌وه‌ بزانن که‌ سامانداری نابن: ئێوه‌ ده‌بێت سامانداره‌کان به‌ باش دبزانن و ده‌بێت دۆعا بۆ سامانداره‌کان بکه‌ن و ده‌بێت سامانداره‌کانتان خۆش بوێت. " بۆچی ده‌بێت سامانداره‌کان به‌ باش بزانن و خۆشتان بوێن و دۆعایان بۆ بکه‌ن؟ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر من جنێو به‌ سامانداریێك بده‌م و جنێو به‌ سه‌یاره‌یه‌کی جوان بده‌م، ئه‌گه‌ر حه‌سوودی به‌ که‌سێکی ساماندار به‌رم و رقم لێی بێت، ئه‌گه‌ر خراپه‌یم بوێت.. خۆم دێته‌ به‌رچاو له‌ناو ئه‌و سه‌یاره‌یه‌دام که‌ خه‌ڵك جنێوم پێده‌ده‌ن، ئیتر بیی ناکه‌م،

مێشکم ئامبات بۆ ئەو شوێنە، چونکە خۆم ڕێگەی خۆم دادەخەم، بە بێچەوانەوە ئەگەر پێم وابێت کاتێك لەناو سەبارەیەکی وادا دابنیشم خەڵك ڕێزم لێدەگرن و بەخێرهاتنم دەکەن و پێشوازی باشم لێدەکەن و خۆشباندەوریم، مێشکم بەرەو ئەو سەبارە و ئەو ژیانەم دەبات.

من ماوەیەك کارگەم هەبوو، هەمیشە پێم وابوو ئەگەر بە سەیاوەیەکی جوان و جلێکی ڕێکوپێك بچمە ناو کارگەکەوە، لەوانەیە کرێکاوەکان نارەحەت بن و.. لەم بیرکردنەوانەدا بووم؛ ڕۆژێکیان لە ئازەربایجانی سۆڤێتەوە میوانێکم هەبوو، ئەو بە مارسیدسێکی ئاخیر مۆدێل خۆیکرە بە کاوگەکەدا، بینیم هەموو کرێکارەکان دەیانگوت: واو ئەمە هاوڕێی موعەزەمیبە، لە ئازەربایجانەوە هاتروە، مارسیدسی ٦٠٠ ی پێیە.. هەموویان خۆشحاڵبوون! ئەگەر کارگەت هەبێت کرێکارەکانت خۆشحاڵ دەبن تۆ مارسیدست هەبێت، کرێکارەکانت خۆشحاڵ دەبن تۆ ساماندار بیت، کرێکارەکانت خۆشحاڵ دەبن تۆ بدوەوشێبنەوە، چونکە هەست دەکەن لە کارگەیەکدا کار دەکەن خاوەنەکەی کەسێکی سەرکەوتووە، هەرگیز شکست ناخوات، لە کاتی خۆیدا مووچەکەیان دەدات، هەست بە دڵنیایی دەکەن، ڕێك بە بێچەوانەی ئەوەی تۆ بیری لێدەکەیتەوە، بۆچی پێچەوانە بیر دەکەینەوە؟ چونکە خۆمان حەسوودی بە خەڵك دەبەین، پێمان

وایە خەڵکیش حەسوودی بە ئێمە دەبات، ئەم بیرکردنەوەیە هەڵەیە.

ئێوە لە ئێستادا هەر یەکەتان داهاتێکتان هەیە، لە ٦٠٪ ئەم داهاتە دابنێن بۆ ژیانتان، هەرچی خەرجی ژیانت هەیە، لەم لە سەدا شەستەدایە، ئەگەر بەش ناکات دەبێت چی بکەیت؟ دەبێت داهاتت بەرز بکەیتەوە، گوتم: دەچیت لەگەڵ ساماندارەکان، لەگەڵ خاوەن ڕایەکان، لەگەڵ شارەزایان، لەگەڵ ئەمانە تێکەڵ بە، بابزانیت کە نیتە، بابزانیت کە نەبوویتە ئەگەر ناونیشانەکەت ئەدزییەوە، بە بەرنامەکانی ژیاندا بچۆرەوە، بڵێ بۆچی ناتوانم بیدۆزمەوە؟ بۆچی ناتوانم بگۆڕێم؟ ئەگەر بە لە سەدا شەستی داهاتت ژیانت بەڕێوە ئەچوو، برۆ داهاتت زیاد بکە، دەستکاریی ئەمە مەکە، ئەگەر داهاتت کەمە هی ئەوەیە بچووک بیردەکەیتەوە، گرتمان بیرکردنەوە لە باوەڕەکان و بەرنامەکانی منداڵیەوە دێن، کە دەڵێن: پێت بە ئەندازەی بەڕەکەت ڕاکێشە.. ئەم قسانە بە ئێمە چی؟ دەبێت ئەم بارەرە هەڵانەت بگۆڕیت، دەی ناکرێت هەمان کارەکانی ڕابردوو بکەیت و ژیانیشت باشتر بێت! ئەگەر بە بیر و باوەڕ و ڕەفتارە کۆنەکانت بتوانیایە ساماندار بیت، ئەسڵەن پێویستت بەم قسانە نەدەبوو.

ئێستا من دەڵێم هەم ساماندار بە و هەم شادومان بە، ئەمەی کە دەیڵێم حوکمە، ئەگەر بە لە سەدا شەست ژیانت ناگوزەرێنیت، داهاتت بەرز بکەرەوە، یا هەست بکەیت فشارت لەسەرە، هەزارت وەرگرت، شەشسەدی هەڵدەگریت بۆ خەرجی ژیانت و چوارسەدیشی باشەکەوت دەکەیت.

ئەو کەسانەی کە داهاتیان بەرزە، بینیان دەڵێم کە چی بکەن، تۆ خەرجی ژیانت ئێستا چی لێ دێت؟ فراوانتر دەبێت، خانوویەکی گەورەتر دەکڕیت، خزمەتکار دەگریت، شۆفێر دەگریت، چەند کەسێک دەخەیتە ژێردەستی خۆتەوە، سەرمایەگوزاریی.. دەتوانیت زۆر کار بکەیت، بەڵام لایەنی زۆرەکەی لە سەدا شەستی داهاتت، دابنێ بۆ خەرجی و پێویستییەکانی ژیانت، کاتێک ئەمکارەتکرد و خۆت ناچارکرد، چی ڕوو دەدات؟ دەڵێیت باشە من ئەمە بکڕم یان نەیکڕم؟ دەبینیت هەندێک شت پێویست ناکات بیان کڕیت، کەپێشتر دەتکڕین، دەڵێیت نایکڕم، بۆنموونە وەکوو جاران دەڵێیت ئەم کارە دەکەم، بەڵام ئێستا کە بیر دەکەیتەوە، نایکەیت، بچم بۆ ئەوێ؟ ناچم.. ئەوسا تێدەگەیت و دەڵێیت ئای چەندە پارەم بە فیڕۆ داوە! لە بیرتان نەچێت، دەبێت بزانن چۆن پارە خەرج دەکەن، ئێوە لە زۆر شوێندا پارە خەرج دەکەن کە ئەسڵەن نابێت خەرجی بکەن، بێهوودە خەرجی دەکەیت، هەر بۆیە پارەکانت بەشناکەن، دەڵێیت

لە سەدا شەست بەش ناکات، من دەڵێم بەڵێ ملیۆنت بدەنێ یەکسەر خەرجی دەکەیت، ئەویش بەش ناکات، دە ملیۆنت بدەنێ، دیسان بەش ناکات، سەد ملیۆنت بدەنێ دیسان بەش ناکات.. چونکە بیرکردنەوەت ساماندارانە نییە، بەڵام لە ئێستەوە دەبێت ببینێت، وا ئەزانیت دەرامەتت زیاد بکات ژیانت باشتر دەبێت! دەرامەتت ئەگەر دەریایەکیش بێت، ئەم شێوازە ئەگرینەبەر، شکست دەخۆیت، زەرەرمەند دەبیت. تەراوی تازە پیاکەوتووەکانی ئەمریکان وەك لە فیلمەکاندا دەیانبینین، جلوبەرگ، پاسەوان، سەیارە، ئەم هەموو هونەرمەندە دەبینیت کە چۆن ملیارد ملیارد پارە پەیدا دەکەن.. بەڵام هەموویان لە هەژاریدا دەمرن! تەنیا چەند هونەرمەندێك هەن کە ژیانێکی باشیان هەیە، یەکێکیان (جیل وەیس)ە، کە زۆر ژیرانە و دروست بیردەکاتەوە و ئێستا ژیانێکی خۆشی هەیە، دەزگایەکی خێرخوازیشی هەیە، یەکێکی تریشیان (مارین براندۆ)یە، ئەمانە کەسانێکن کە باش بیریان کردووەتەوە، بەڵام ئەوانیتر تەنیا بیر لە پارە دەکەنەوە و هەرچەندە پارەشیان دەست دەکەوێت خەساری دەکەن!

لە سەدا شەستی دەرامەتت دابنێ بۆ خەرجی و پێویستییەکانی ژیانت، پانزە تا لە سەدا بیست ١٥ تا ٢٠٪ دابنێ بۆ حسابی سەربەخۆیی ماددی، حسابێك بکەرەوە بەناوی

حسابی سەربەخۆیی ماددی، دنیا هەمووی ویران بێت، لە سەرۆ بانزە بان بیستی دەرامەتت بخەرە ئەم حسابەوە. هەرکاتێك پارەت وەرگرت، جا ئیتر هەفتانە پارە وەردەگریت، مانگانە وەردەگریت، دوو هەفتە جارێك وەردەگریت، رۆژانە وەردەگریت.. یەکسەر بانزە تا لە سەدا بیستی بخە لاوە و لە حسابێکدا هەڵیبگرە بەناوی حسابی سەربەخۆیی ماددی. ئەمە حسابێکە ئایندەت مسۆگەر دەکات تا ئاسوودە بیت و باری گوزەرانت باش بێت، بۆ ئەوەی چێژ وەربگریت و خۆش بژیت، ئەوەك بۆ رۆژی رەش. ئەم پارەیە دەنکانە خاوەنی هەموو شتێك. ئەمە بەو مەبەستەیە کە بتوانیت کەسێکی ئازاد بیت، وانا ئیتر ئەوە بێینە دەرەوە کە ئیش بۆ پارە بکەیت، ئیتر ئازادانە ئەو ئیشە بکەیت کە بۆ ئەوە دروستکراویت. چونکە بیری باشەکەوت، بیرێکی پەسەندە، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەی کە میللەتی ژاپۆن ئەوەندە سەرکەوتوون، ئەوەیە کە باشەکەوتکردنیان کردووە بە خوو؛ بانکەکانیان پڕە لە پارە، تۆ سەرەتا کە دەست پێ دەکەیت لەوانەیە مانگی سەدهەزار بخەیتە لاوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ناتوانیت سەدهەزار لە بانکدا هەڵبگریت، لەوانەیە دەستی لێ هەڵبگریت، تکا دەکەم دا مەکەن، مەرج بۆ خۆتان دامەنێن، ئەم پارەیە هەڵبگرن، بەم پارەیە دەتوانیت سکە بکڕیت، دەتوانیت زەویی پێ بکڕیت، دەتوانیت سەهمی پێ بکڕیت، دەتوانیت هەرشتێکی پێ بکڕیت..

بەلام یەك مەرجی هەیە ئەویش ئەوەیە كە: بە هیچ شێوەیەك، بە هیچ شێوەیەك، بە هیچ شێوەیەك، نابێت ئەم پارەیە ڕووبەڕووی مەترسی بێتەوە، زۆر بە پارێزەوە ئێستا بزغورنە: خوانەخواست دەچیەن بۆ نەخۆشخانە، تۆش پێنج ملیۆن سكەت هەیە، یان پێنج ملیۆن پارەت هەیە، یان پایی پێنج ملیۆن زەویت هەیە، یاخورد بایی دە ملیۆن كالاّت هەیە.. دەچینە زیندانە یان دەچیتە نەخۆشخانە، دەبێت چی بكەیت؟ بە هیچ شێوەیەك نابێت دەست لەم پارەیە بدەیت! سەكنەی دڵ لێت بدات نابێت بە هیچ شێوەیەك دەست بۆ ئەم پارەیە بەریت، دەبێت بچیت قەرز بكەیت و ئەو پارە قەرزە ببەیت بۆ نەخۆشخانە تا باش دەبیت و دێیتە دەرەوە پاشان قەرزەكەت دەدەیتەوە، بەلاّم نابێت دەست بۆ ئەم پارەیە بەریت، وای بە حالتان ئەگەر دەست لەم پارەیە بدەن! چونكە دەستی بۆ ببەیت، دەكەویت و بێ چارە دەبیت، من ئەزموونم زۆر لایە.

هەروەها شووشەیەك، یەكێك لەو شووشانەی كە مرەبا و زەیتوون و ئەو جۆرە شتانەی تێدەكەن، یان هەر شتێك بە ویستی خۆتان بێنێت، بیهێنن و لەسەر مێزەكانتان دایبنێن، شووشەیەك بێنە و سەرقاپەكەی دابخە و ناوەڕاستەكەی كونێكی تێ بكە، هەر پارەیەك هەموو ڕۆژێك هەرچی پارەی وردەت پێیە بیخەرە ناویەوە، منداڵەكانیشتان فێر بكەن، بەلاّم مەیكەنەوە، هەر كاتێك پارەی زیادەت هەبوو، بیخەرە ناوی. من بە ئەكسی بۆ

ئەملاولا دەرۆم، هەندێك جار سێهەزار چوارهەزار یان پێنجهەزار دەدەم بە ئەكسی بە بێی شووێنەكان، هەر كاتێك هاوڕێیەك دەمگەیەنێتە ماڵەوە، یان باوكم دەڵێت من دەرۆم و ئۆتێل دەگەیەنم، دەڵێم پارەی تەكسییەكە دەبێت بخەمە ناو شووشەكەوە، چونكە ئەم پارەیە ڕۆشتبووە بۆیە دەبێت ئەم پارانە بخەنە ناو ئەم شووشەیەوە، ئەم شووشەیە ناوی (مەنی ماگنێتێك)ە. ڕانا مرگنانیمی پارە نیوەیش بۆ خۆنان موگناتیسێكی پارە دروست بكەن، ئەمەی كە پێتانی دەڵێم ڕاهێنانێكی دەروونییە دەبێت زۆر بەجدی وەریبگرن، هەموو ڕۆژێك پارەیەكی تێ بكەن. ئایا باوەڕ دەكەن من لەم مەنی مەگنێتیكەدا ساڵی دوو ملیۆن پاشەكەوت دەكەم؟ ئەو وردە پارانەی كە ئەسڵەن ئێوە گرنگیان پێنادەن! دەڵێت سێهەزارە، چوارهەزارە.. ئەمانە پارەن، دەبێت گرنگی پێبدەن، ئێستا دەبێت چی بكەیت؟ من تەسجیلێكی دیجیتاڵم هەبوو پێنسەد دۆلارم پێدابوو، زۆرم خۆشدەویست، ڕۆژێك زۆر بۆی گەڕام هەر ئەم دۆزییەوە، نەمزانی ئایا كەسێك بردوویەتی، یان ونم كردووە، یان لە شوێنێك جێم هێشتووە.. هاتمەوە بۆ ماڵەوە گوتم خوایە گیان دەبێت لە كوێم دانابێت؟! پاشان گوتم دەی دیار نییە ئازە ونبووە، هاتم بخەوم، مێشكم گوتی كاكە هەسنە هەسنە، گوتم چییە؟ گوتی هەسنە، چوارسەد پێنسەد هەزارت پێ دابوو، گوتم دەی چی بكەم؟ ونبوو ئیتر..

گوتی ونبوو ئیستا چییەکەیت؟ گوتم هیچ، دەبێت دانەیەکی تر بکڕم، گوتی ئاە چوارسەدەهەزار بخە ناو دەغیلەکەتەوە، گوتی چۆن زەرەروزیان وەک بەشێک لە ژیانت قەبووڵ دەکەیت، بەڵام پاشەکەوتکردن وەکوو بەشێک لە ژیانت قەبووڵ ناکەیت؟! باوەڕ بکەن هەستام و پارەکەم خستە ناو دەغیلەکەمەوە و ئینجا هاتم خەوتم. تۆیش هەر کاتێک زیانت کرد و نەتتوانی پارەکەت وەربگریتەوە، یەکسەر بڕۆ پارەیەک بخەرە ناو ئەو شووشەیەوە، ئەمانە بەشێکن لە دەرامەتتان، بۆنموونە: تۆ ئێستا مووچەیەک وەردەگریت، پەیڕەوی ئەم یاسایانە بکە کەمن پێتی دەڵێم. ئەگەر بە لە سەدا شەست ژیانت بەڕێوە نەچوو، دەرامەتت زیاد بکە، دەست لەم یاسایانە مەدە، کاتێک دەبینیت دەرامەتت کەمە، بۆنموونە: دەتوانیت وانە بڵێیتەوە، دەتوانیت ئەکسی بگیڕی، دەتوانیت ڕاوێژکاریی بکەیت، دەتوانیت مرەبا دروست بکەیت، سرکە دروست بکەیت، چەندین شتیش دەزانیت، لەم ڕێگەیەوە دەرامەتت زیاد بکە. بەو مەرجەی ئەم بیرکردنەوەیە قەبووڵ بکەیت، ئەوسا دەبینیت چۆن ڕێگەت بۆ دەکرێتەوە.

لە بیرتان نەچێت کە بێ پارەیی، ئەنجامە، میوەیە، بەرهەمە، خۆی کێشە نییە، ئێوە بە بێ پارەییەوە مەنووسێن، بە بێ پارەیی رامەبەن، بەمە بیانوو مەگرن، بیرکردنەوەتان و هەستکردنتان و ڕەفتارتانە کە ژیانتان دروست دەکات! ئەگەر دەتانەوێت ژیانتان

بگۆڕن ئەمکارە بکەن، بۆ لە خۆتان بکەنەوە، بلَیٌ من بە لە سەدا شەست ژیانم دەگوزەرێنم، ئەگەر نەکرا دەرامەتم بەرز دەکەمەوە، کەرانە لە سەدا پانزە تا لە سەدا بیست بخەنە ناو حسابێکەوە، بەم حسابە دەتوانیت زەوی بکڕیت، دەتوانیت سکە بکڕیت، دەتوانیت سەهم بکڕیت، دەتوانیت کالاَ بکڕیت، دەتوانیت هەر کارێکی پێ بکەیت کە تەنیا سەرمایەگوزاریی بێت و سوودێکی دلَنیای هەبێت، کەی دەست لەم پارەیە دەدەیت؟ هیچ کات. هیچ کات دەستی لێ نادەیت، تاوەکوو دەبێت بە سەرمایەیەکی گەورە، بەلَێنتان پێدەدەم بەخێرایی دەبنە خاوەنی پارەی خۆتان، مەنی مەگنێتیك واتا وەك موگناتیس هەموو پارەکان بەرەو لای خۆی رادەکێشێت، لەناکاو دەبینیت زۆر بە خێرایی پارە دێت!

تۆ رەنگە باوەڕ نەکەیت بەلاَم شەو و ڕۆژ لەسەر بیرکردنەوەکانت دەژیت، لەسەر بیرکردنەوەکانت رەفتار دەکەیت، لەسەر بیرکردنەوەکانت ئەنجام وەردەگریت.. کەوانە لە سەدا پانزە بۆ لە سەدا بیستی دەرامەتی رۆژانەت پاشەکەوت بکە.

من لە کەنەدا ژیان بەسەر دەبەم، هەندێك لەو دۆستانەی ئاگاداری ژیانی تایبەتی منن دەزانن، کە من لە چەند سالَی ڕابردوودا بەهۆی ئەو کێشە و نەخۆشیانەی دووچاری هاوسەرەکەم بووە، لە سالَی ڕابردووا نەمتوانیوە هیچ تیشێك بکەم، من لە ئێستادا حالَی حازر، حەفتاوپێنج بۆ هەشتاهەزار دۆلار لە کەنەدا

قەرزارم، بەڵام لە هەمان کاتدا بەلاوپێنج هەزار دۆلار پاشەکەوتم هەیە، ئەم پاشەکەوتنەم دەستی لێ نادەم، بۆچی دەستی لێ بدەم؟ قەرزارم، قەرزەکانم دەدەمەوە، کێشەیەک دێتە پێشەوە قەرزی بۆ دەکەم. من ئێستا پارەیەکی زۆرم لای خەڵکە، بەڵام دەست لەو پارەیە نادەم. من هەر ئێستا لە سەروی یەک ملیاردەوە پارە و دارایم هەیە. ئەگەر قەرزارم، خۆ زیان هەمووی قەرزاریی نییە، ئەمە ئیشانی دەدات کە من چەنێک خاوەنی متمانەم، حەفتاهەزارە هەشتاهەزار دۆلار قەرز وەردەگرم و کار و بارەکانی پێ بەڕێوە دەبەم تا کێشەکانم چارەسەر دەکەم. ئێوەیش قەت دەست دەست لە پاشەکەوتنەکەتان مەدەن.

لە کەنەدا یاسایەک هەیە تکاتان لێدەکەم لێرەش بڵاوی بکەنەوە و کاری پێ بکەن، سەبارەت بە پاشەکەوتە، ئەم یاسایە ڕێگەت پێ دەدات پانزە بۆ لە سەدا بیستی دەرامەتی سالانەت لە حسابێکی تایبەتدا پاشەکەوت بکەیت، ئەگەر ئەمکارە بکەیت، دەوڵەت لەسەر ئەوە باجت لێوەرناگرێت، ئەمە بۆ تایبەتە، بۆ دڵنیاییە، بۆ ڕۆشناییە، من ناڵێم بۆ ترس و ڕۆژی ڕەش، بەڵام دەوڵەت ئەمە دەکات تا ببەیت کەمتر سورجەی خانەنشینی بدات، لە باج دەتبەخشێت. لە تەواوی ئەم ماوەیەدا، بۆ منداڵەکانم هەر یەکە و مانگی دووسەد دۆلاریان بۆ دەدەم و دەیخەمە حسابێکەوە بەناوی حسابی تایبەتی منداڵان، ئەمەش

باسابەکە لە کەنەدا، تۆ ئەگەر مانگی دووسەد دۆلاری بۆ بدەیت.
حکومەتیش هەندێك هاوکاریت دەکات، ئینجا کاتێك منداڵەکەت
دەچنە قوتابخانە، خوێندنەکەی بە خۆراییە، ئێستا کچەکەی من
تەمەنی چواردە ساڵە پێنج شەش ساڵی تر کاتێك دەچێت بۆ
زانکۆ، نزیکەی بەلایا تا شەست هەزار پارەی هەیە هەر بەو
پارەکەمانەی کە من بۆم داوە. کچە بچووکەکەم کە تەمەنی دوو
ساڵە کاتێك دەچێت بۆ زانکۆ حەفتاو پێنج هەزار دۆلار پارەی
هەیە، ئەمەش تەنیا مانگی بە دوو سەد دۆلار پاشەکەوت! کاتێك
بڵێیت ئەمە دۆلارێکە و نرخێکی ئەوتۆی نییە، کارت تەواوە.
پارە بەهای هەیە، پارە گرنگی هەیە، پاشەکەوت بکەن بە
پارەیەکی کەم، پاشان دڵۆپ دڵۆپ کۆ دەبێتەوە و دەبێت بە دەریا.

لەبیرتان نەچێت ئەو باوەڕانەی لە مێشکماندان ڕێبەریمان
دەکەن، مێشکت هەزار جۆر فێڵ بەکار دەهێنێت تا تۆ ساماندار
نەبیت، چونکە فێربانکردووە: (ئەوەی ڕەنج نەکێشێت نابێت بە
خاوەنی گەنج) مێشکت دەیەوێت نەگۆڕێت، دەیەوێت بەرگریی
بکەیت، بەردەوام دەیەوێت بەرگریی بکەیت.. من دەڵێم گوێی لێی
مەگرە، بڕۆ پێشەوە و ئەمکارە بکە.

هەروەها حسابێك بکەرەوە بەناوی خۆشی و سەرگەرمی، لە
سەدا دە بۆ لە سەدا پانزە ١٠ ١٥٪ دابنێ بۆ خۆشی و
سەرگەرمی، پاش چی؟ ئەم پارەیە ئەگەر دەتوانیت هەفتانە

خەرجی بکە، ئەگەر ناتوانیت مانگانە، ئەگەر هەر نەتوانی لانیکەم لە ماوەی سێ مانگدا، هەر پارەیەک لەناو ئەم حسابەدایە خەرجی بکە. ئەم پارەیە تەنیا لەو شتانەدا خەرجیان بکەن کە چێژیان لێوەردەگریت. دەتەوێت شتێک بکڕیت، شتێک بخۆیت، بۆ شوێنێک بڕۆیت، میوانی ساز بکەیت، هەر کارێک بتەوێت بیکەیت، تەنیا دەبێت چێژ و سەرگەرمی تێدابێت، ئەمە بۆچییە؟ بۆ ئەوەیە کە مێشکت مادام نایەوێت بگۆڕێت، پێی بڵێ ئەمە دیارییە بۆ تۆ، ئەرسا وەک منداڵ دێت بە دەراتا. ئەم لە سەدا دە بۆ پانزەیە دەجووڵێنێت، هەمیشە هاندەدات زیاتر پەیدا بکەیت، هاوکات بارمەتیت دەدات دەرامەتت بەرز بکەیتەوە. چونکە مێشکی بە ئاگات سامانداریت ناکات، بیرکردنەوەت، باوەڕت، سامانداریت دەکات. مێشکی نائاگات وەک منداڵێک وایە کە تەمەنی سێ بۆ پێنج ساڵە، دیاری بۆ بکڕە، ئەگەر دیاریی بۆ نەکڕیت کاری خۆت خراپ دەکەیت و سەرکەوتوو نابیت! ئەم لە سەدا دە بۆ پانزەیە دابنێ تەنیا بۆ چێژ و خۆشی، ئەچیت کتێب بکڕیت، برۆ یاریی منداڵانەی پێ بکە، برۆ سواری شەمەندەفەر بە، ئەوەی منداڵەکەی ناخیت پێی خۆشە، لەگەڵ هاورێکانت برۆ بۆ سەفەر، هەرشتێک کە منداڵێکی تەمەن سێ بۆ پێنج ساڵان پێیخۆشە، ئەوە بکە، بە کورتی خۆتان باشتر دەزانن.

لە سەدا پێنج بۆ لە سەدا دە، ٥ - ١٠ بۆ کاری خێر و مەعنەوی، بۆنموونە: دەتەوێت یارمەتی منداڵێکی هەژار بدەیت، دەتەوێت یارمەتی خێزانێك بدەیت، یارمەتی گەنجێك بدەیت کە دەیەوێت هاوسەرگیریی بکات، یارمەتی دۆستێکت بدەیت، قەرز بدەیت، بیبەخشیت، هەر کارێك دەتەوێت بیکەیت، دەبێت لە سەدا پێنج بۆ دەی داهاتت بۆ ئەمکارە بێت. وای بە حاڵت ئەگەر وا نەکەیت، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، پێویستی بە مەعنەوییاتە، ئەگینا ساماندار دەبیت بەڵام شادومان نابیت! ئێمە دەڵێین شادومان و ساماندار بن. کچەکەی من لانیکەم لە سەدا پێنجی داهاتی خۆی بۆ کاری خێر داناوە.

لە کەتەدا ئەخۆشخانەیەك هەیە کاتێك هات و پێمی گوتی: بابە دەمەوێت پارە بدەم بەم نەخۆشخانەیە. گوتم باشە، ئێستا هەشتا دۆلاری پێدەدەم هەتا کاتێك کە چوومەوە ئەم پارەیەی بۆ بدەم. ئێوەش پێنج بۆ لە سەدا دەی داهاتەکەتان دابنێن بۆ کاری خێرخوازی.

لە سەدا دەی تریش دابنێن بۆ پاشەکەوتی درێژخایەن، ئەم ڕێژەیە کەم و زیاد دەکات، دەبێت خۆتان دابەشی بکەن و بزانن کە بۆنموونە دەتەوێت سەفەرێك بکەیت و کەمی تێدەچێت، یان دەتەوێت سەفەرێك بکەیت و زۆری تێدەچێت، دەبێت کەمی بکەیتەوە.. بەڵام ڕێژەکانی تر نابێت لە لایەنە کەمەکەی بێتە

خواردوە، بۆنموونە رێژی حیترکردنەکەت نابێت لە سەدا پێنج کەمتر بێت، پاشەکەوتی درێژخایەن بۆچییە؟ بۆ هەندێك لەو شتانەی ئێستا پێویستت پێیان نییە، بەلام لە ئایندەدا پێویستت پێیان دەبێت، وەکوو سەفەری ناچاری یاخوود هەر شتێکی تر.. بۆ ئەمانە خەرجی دەکەیت.

کەواتە ئەو پارەیەی دەستتان دەکەوێت لە ئێستارە بەرنامەتان بۆ داناوە، بەك ملیۆنتان دەستکەوت دەبێت شەشسەدهەزاری بۆ خەرجی دابنێن و چوارسەدهەزاریشی پاشەکەوت بکەن، کەواتە ئێستا دەزانن دەبێت چی لە پارەکانتان بکەن و هەرکات پارەیەکتان دەستکەوت دەزانن چۆن بەشی بکەن.

ئەو پارانەی کە چاوەروان نەبوویت دەستتکەوێت پاشەکەوتیان دەکەیت، مەنیمەگنێتی دەکەیت، پاشان دەبێت بە دەرامەتت، ئەو دەرامەتەت دەچێتە سەر دەرامەتەکانی ترت، دەست دەکەیت بە خەرجکردن: لە سەدا شەست بۆ خەرجی و لە سەدا دە بۆ پانزە بۆ خۆشی و سەرگەرمی و لە سەدا دە بۆ پاشەکەوتی درێژخایەن و لە سەدا پێنج بۆ خێر.

بەم شێوەیە مەنیمەگنێت دەرامەتە. رەنگە لە شوێنێکەوە میرات پێبگات، لەناکاو لە پورت یان خاڵۆیەکی ساماندارت.. میراتت پێگەیشت، چی لێدەکەیت؟ یەکسەر دەبێت ئەم پارەیە بخەیتە سەرمایەگوزارییەوە، چونکە چاوەرێی ئەم پارەیە نەبوویت،

ئەو پارانەی کە جارێکیان نەیوویت ببنە ژیانتەوە، ژیانت تێك دەدەن. تەواری ئەو کەسانەی پلیتیان بردووەتەوە و پارەیان بۆ دەرچووە، دوای چەند سالێك گەڕاونەتەوە بۆ پاررەزجی یەکەم جاریان، بۆچی؟ چونکە پێنکهاتەی بارەری ئەم کەسانە سەبارەت بە پارە و توانای بەڕێوەبردنی پارە لە ئاستی یەك دور ملیۆندایە، ئەوەك سەد ملیۆن، هەر بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتا، چونکە بیرکردنەوەیان نەگۆڕاوە، دڕتیای دەرەوەیان گۆڕاوە، دونیای ناوەوەیان نەگۆڕاوە. تەنیا کەسانێك سوود لەم پارانە وەردەگرن کە پێشتر بەرنامەیان بۆ داناوە، وەکوو گوڤان پارەی پاشەکەوتەکانت کۆدەکەیتەوە و دەبێت بە دەرامەتت، هەموو مانگێك کۆی دەکەیتەوە و دەڵێیت ئەمە پاشەکەوتەکەمە، لە ٦٠ی بۆ خەرجی ژیانت دادەنێیت و لە سەدا ٤٠کەیشی دایەش دەکەیت، بێز بەشێوازی خۆتان، هەندێکجار ، خانوویەك دەکڕیت یان زەوییەك دەکڕیت.. ئەمە لە سەدا بیستەکەیە، لە سەدا بیستت داناوە بۆ سەرمایەگوزاری، ڕەنگە ئێستا بچێت زەوییەك بکڕیت یان شوونەیەك بکڕیت، ئەمە چییە؟ ئەمە حسابی سەربەخۆیی مادیبانە، دەچێت زەوی دەکڕێت، ئەمە پارمەتیت دەدات، زەوی قازانجت بێدەگەیەنێت، خانوو قازانجت بێدەگەیەنێت، پاشەکەوتێکی درێژخایەنە بۆ سەربەخۆبوونی مادیت. ئەگەر دەتەوێت قیست بدەیت و قیستەکەت پەیوەستە بەوەوە لە سەدا

بەستەکە دەبدەیت، ئەگەر قیستەکەت بۆ کڕینی سەیارەیە ئێکایە لە حسابێکی تر بیدە، سەیارە هیچ کات قازانج ناکات، دەعمێك بکەیت تەواوی زیانت لە نێو دەچێت.

ڕەنگە بڵێیت ئەی هاوار من خۆ ناتوانم، داهاتم هەر ئەوەندەیە بۆنموونە: کەسێکی مامناوەند یان کەسێکی کارمەند مووچەکەی وابداتێن پێنسەد شەشسەد هەزار، ئەم کەسە ئەتریبەن زیانی ئاسایی دەجووڵێت، لەناکاو سەیارەکەی دەعمێك دەکات یان ژنەکەی نەخۆش دەکەوێت یان تووشی کارەساتێك دەبێت.. دەچێتە ژێر باری قەرزێکەوە، لەناکاو زیانی بەرەو خوارەوە دەڕواتە پاش ماوەیەك دیسان دەچێتەوە سەرەوە، پاشان لەناکاو شتێکی تری بەسەر دێت، بۆنموونە لەناکاو وای دانێن یەکێك لە کەسە نزیکەکانی پارەیەکی زۆری لێوەردەگرێت و دەستی دەستی پێ دەکات و نیتر نایداتەوە و دیسانە دێتەوە خوارەوە، پاشان ئەگەر سەیری زیانی بکەیت دەچێتەوە سەرەوە، زیانی ڕێك دەخاتەوە و دیسان دێتەوە خوارەوە..

دەمەوێت پێشنیازێکتان بۆ بکەم: ئەگەر کەسێك کارمەندێکی ئاسایی دەتوانێت بۆ دانەوەی قەرزەکانی تیش بکات، بۆ چاکبوونەوەی ژنەکەی پارەپەیدا بکات، بۆ کڕینی سەیارە پارە پەیدا بکات، بۆ کێشەکانی پارە پەیدا بکات.. دەبێت لە ئاستی بەرزدا بمێنێتەوە، ئەی بۆچی هەر لە دۆخی ئەوەڵدا دەمێنێتەوە؟

چونکە مێشکی بەرنامەڕێژی کراوە بۆ ئەوەی هەر لەوێدا بمێنێتەوە! واتا لە بارەپەیاکردندا سنووردار نەکراوە، لە بیرکردنەوەدا سنووردار کراوە، هەمووتان سەیرێکی خۆتان بکەن، سەردەمێک قەرزاربوون و قەرزەکانتان داوەتەوە، بەڵام دیسان گەڕاونەتەوە سەر خاڵی یەکەم! کەواتە دەبێت بیرکردنەوەتان بگۆڕن، دەبێت چارەکانمان بدۆزین و بە جۆرێکی تر بڕوانین، بەشێوەیەکی تازە بڕوانن، ئەگەر دەڵێیت باوەڕم نییە و لە کوێی بێنم ژیانی پێ بگوزەرێنم.. سەیرکە چۆن دەتوانیت قەرزەکانت بدەیتەوە و چۆن پارەی دەرمانی نەخۆشییەکان دەدەیت، لە کوێی دەهێنیت؟ بۆچی کاتێک نەخۆشییەکە نەما دیسان دەگەڕێیتەوە بۆ خوارەوە؟ دەی مەگەڕێرەوە، هەر لە سەرەوە بمێنەرەوە.

بەڵام تۆ دەتەوێت ناوچەی دڵنیایی خۆت بەجێ نەهێڵیت و هەر لە ناوچەی دڵنیاییدا بیت! کاتێک دەتەوێت هەر لە ناوچەی دڵنیاییدا بیت، ژیان گوشارت لێ دەکات، ناهێڵێت گەورە ببیت، دەبێت ئەم زنجیرە بپچڕێنیت، دەبێت بەسەر ئەوبینەکانتدا زاڵ بیت دەبێت بەسەر بیرکردنەوەکانتدا زاڵ بیت. بتەوێت کە ساماندار بیت و هۆکار و بەڵگەی بۆ بدۆزیتەوە کە بۆچی[1] دەبێت ساماندار بیت؟ ساماندار بە بۆ خۆشی و چێژی ژیانە، نەوەک بۆ ڕۆژی ڕەش. .

بێگومان دەپرسن و دەڵێن ئەو پارەیەی کە دەڵێیت دەستی لێمەدە، ئەی چی لێ بکەین؟ ئەم پارەیە خۆی زیاد دەکات، قازانج دەکات، تۆ تەنیا دەتوانیت لە قازانجەکەی، لە زیادەکەی، بەکاری بهێنیت، ئەگینا دەست لە خۆی مەدەن، ئەم پارەیە خەسڵەتی وەهایە کە بیرکردنەوە و باوەڕی ئێوە دەگۆڕێت، خۆتان کاتێک گەیشتن بەم قۆناغە لەناکاو هەموو دەرگاکانتان بەڕوودا دەکرێنەوە، لەناکاو دەبینن چەندە سامانداری، چەندە هەبوون..!

کاتێک گەیشتن بەم قۆناغە خۆتان دەڵێن بۆچی وابیرماندەکردەوە؟ بۆچی پرسیارمان لە خۆمان نەدەکرد ئێمە هەمیشە دەمانتوانی ئەم کارانە بکەین؟ هەمیشە دەمانتوانی ئەوەندە پارە پەیدا بکەین.. ئێستاش دەتوانین، بۆچی نەماندەکرد؟! چونکە ئەم گۆڕانە لە زەینماندا ڕووی نەدابوە.. ئێمە تەواوی هەوڵمان ئەوەیە کە ئەم هەنگاوە سادانە ببنە هۆی ئەوەی ئێوە مێشکتان بکەنەوە و لەم زیندانە بێنە دەرەوە و هەناسەیەکی ئارام هەڵکێشن و باوەڕ بکەن کە ئێوە ناچار نین بچووک بژین، ئێوە شایەنی ئەوەن کە بە شادومانیی سامانداریی بژین.

خەرجییەکانت لەو لە سەدا شەستە بدە، خۆشگوزەرانییەکانیشت لەو لە سەدا پانزەیە. ئێوە قەرزداری خۆتانن، قەرزداری ئایندەتانن، بۆچی قەرزەکانیتر دەدەنەوە؟ ئەی بۆچی قەرز بە خۆت نادەیت؟ بۆچی پارەی ئاو و کارەبا

دەدەبێت؟ بۆچی پارەی ناو و کارەبای خۆت نادەبێت؟ بۆچی ڕێز لە خۆت ناگریت؟ بۆچی بیر لە ئایندەت ناکەیتەوە؟ بۆچی بیر لەوە ناکەیتەوە سبەینێ ئارام تر و ئاسوودەتر بژیت؟

ئێمە لە ماوەیەکی کورتی شەش حەوت مانگیدا باوەڕبکەن چل و ئوسوور ملیۆن پارەمان پەیدا کرد! هەر لەو کۆمپانیایەی کە بەردەوام دەیانگوت پارەمان نییە و ئێستاش هەر وا دەڵێنە ئەگەر کۆمپانیا و کارگەکان هەبە، ئێوەش حەکمەن ئەم کارەی بۆ بکەن، بەڵێنتان پێدەدەم بە خێرایی سامانداردەبن، بیرکردنەوەتان ئەسڵەن دەگۆڕدرێت، کاتێک کەسێک بزانێت ئەوەندە پشتی قایمە دڵی شێر پەیدا دەکات، تکاتان لێ دەکەم دەستی لێنەدەن، هەرکاتێک دەستی لێ بدەن خۆتان دەکوژن، هەرکەس دەستی لەو پارەیە بدات واتا بڕیاری داوە خۆی بکوژێتە بڕیاری داوە شادرمان و سامانداز نەبێت.

جیاوازیی پارەداریی و سامانداریی چییە؟

لە بازنەی ژیان، من و ئێوە وەك مرۆڤ،

١- كاروبارێكی تاكە كەسیمان هەیە، واتا ئامانجی تاكە كەسیمان هەیە.

٢- هەروەها ئامانجی كۆمەڵایەتیمان هەیە.

٣- ئامانجی خێزانی مان هەیە.

٤- ئامانجی مەعنەویمان هەیە.

٥- ئامانجی ئابووریمان هەیە.

٦- پاشان ئامانجی پەروەردەیی و فێركاریمان هەیە.

٧- هەروەها ئامانجی جەستەیی و تەندروستیمان هەیە.

٨- دواتر ئامانجی جۆراوجۆرمان هەیە..

هەندێك لە مرۆڤەكان، هەندێك لە كەسەكان، تەواوی ژیانیان دادەنێن تاوەكوو پارە پەیدا بكەن، بۆچی؟ چونكە بەردەوام هەست بە ناداڵنیایی دەكەن، دەترسن هەژار بكەون، دەترسن بەدبەخت بن، بیردەكەنەوە ئەگەر نەمبوو چی؟ ڕۆژێك باران بوو چی بكەم؟ ئەی

بۆ ڕۆژی ڕەش چی بکەم..؟ کەسێک کە وا بیردەکاتەوە بەردەوام هەوڵدەدات دەرامەتی مانگانەی زیاد بکات، بەختێرانەکەشی باش ڕانەگات، نایانبانە دەرەوە، کاروباری تاکە کەسییەکانی پشتگوێ دەخات و دەڵێت لە داهاتوودا زیاتر باسی دەکەین، ئێستا کاتم نییە..! بۆ ئامانجی کۆمەڵایەتیش دەڵێت مەگەر من بێ ئیشم، پەیوەندی بە منەوە چییە، کاتی ئەم جۆرە شتانەم نییە، ئیشم هەیە.. بۆ ئامانجی تەندروستی دەڵێت ئەم دکتۆرانە بێوێژدان..! بۆ ئامانجی پەروەردە و خوێندن دەڵێت خۆم هەموو شتێک دەزانم..! کەسانێک هەن بەمجۆرە دەژین و لە بازنەی ژیانیاندا تەنیا گرنگی بە پارە دەدەن و بەس! هەربۆیە دەبینین ئەم کەسانە پارەیان هەیە بەڵام لە شتەکانیتر بێبەشن وەک: تەندروستی و خێزانی بەختەوەر و ڕێزی کۆمەڵایەتی و مانای ژیان و.. دەبەرێت بەم جۆرە ژیانی بگوزەرێنێت، هەربۆیە ژیانی پڕە لە تەباویل، نەب نەب تەب.. بە زۆر باڵی پێوەبنێت چونکە ژیانی ناچێت بەڕێوە.

بەڵام هەر لەم کاتەدا دەبینیت بۆنموونە خێزانێکی ئاسایی یان کرێکار کە دەرامەتێکی زۆریان نییە بەڵام ژیانیان دەچێتە بەڕێوە و خۆشحاڵیشن، بۆچی؟ چونکە لە کاروباری خێزانیدا ئەوەندە ئیشی کردووە و ئەوەندە چووەتە پێشەوە کە لە بواری ئابووریدا هەوڵیداوە وە لە بواری خوێندندا و لە هەر بوارێکدا بە ئەندازەی یەک، ئیشی کردووە هەموویان کەمن بەڵام تا ڕادەیەک لە یەکەوە

تریکن، واتا ئەمیش بازنەی ژیانی ناهارسەنگە و ئەپارتلی نیایە، بەڵام نەك وەك ئەم کەسەی کە ماڵێی ماڵێی ملباردیزە، ئەم ژیانی ئاسوودەتر دەچێتە بەرێوە.

ساماندارکەسێکە، کە بازنەی ژیانی هارسەنگە. ڕێز لە خۆی دەگرێت، خێزانی بەختەوەری هەیە، دۆست و هاوڕێی باشی هەیە، لە کۆمەڵگەشدا کەسێکی بەڕێزە، ئابوورییەکەی ڕێکوپێك و باشە، واتا گرنگی بە هەموو ئەمانە داوە.

تۆیش هێندە بەسە کە بازنەی ژیانت بە بیرکردنەوە دروست گەورەتر بکەیت، نەوەك تەنیا بتەوێت لایەکی گەورەتر بکەیت. کەسێك کە بەردەوام بە شوێن مەعنەویاتەوەبێت، دەی پارەی نابێت ژیانی پێ بەڕێوە بەرێت. بۆنموونە دەڵێت کاکە من مامۆستای زانکۆم، من فەیلەسوفم، من عارفم.. بەڵام ژیانم بەڕێوە ناچێت. ڕاست دەکات چونکە لە بوارێکدا سەرمایەگوزاری کردووە و لە بوارێکی تردا نەیکردووە. کەسی سەرکەوتوو و کەسی ساماندارە کەسێکە پارەیشی هەیە و ئەم شتانەیشی هەیە. تۆیش لە هەر شوێنێك بیت، دەبێت ئەمانەت هەبێت. هەر ئەمەی کە ئێستا پارەتان داوە و ئەم کتێبەتان کڕیوە و دەتانەوێت فێربن، واتا هاتوون بازنەی ژیانتان هارسەنگ بکەن، خەریکن فێر دەبن و لەسەر خۆتان سەرمایەگوزاری دەکەن.

کەسی ساماندار زیاتر لە هەرکەسێك، لەسەر خۆی سەرمایەگوزاریی دەکات. هەر کاتێك لەسەر خۆت سەرمایەگوزاریت کرد، زۆر بە خێرایی پێش دەکەویت.

یەکەم: بەکورتی ناوەرۆکی ئەم باسەمان بریتییە لەوەی کە گەشەکردن، لەسەر یەك هێڵ نییە، گەشەی مرۆڤ لەسەر یەك هێڵ نییە. وانەزانن و مەڵێن من مانگی پێنسەدهەزارم هەیە، لە کوێ دەتوانم خانوویەکی پەنجا ملیۆنی بکرم؟ ئەگەر وا بیربکەیتەوە دەدۆڕێیت، هەرگیز وا بیرمەکەرەوە، ئەم خاڵانە رەچاو بکە دەبینیت وەکوو باران بەسەرتا دەباریت، وەك بارا، سەرسام دەبیت!

دووەم: لە پێناوی خۆتاندا، لەسەر جەستەتان، لەسەر بیرکردنەوەتان، سەرمایەگوزاریی بکەن. ئاگاتان لە خواردنتان بێت، وەرزش بکەن، فێربن، بۆ فێربوون پارە سەرف بکەن. (بنیامین فرانکلین) دەڵێت: "ئەگەر پێت وایە تێچوونی فێربوون بەلاتانەوە زۆرە، کێشەیەك نییە، نەفامی و نەزانی تاقی بکەنەوە." گرانە؟ بانی جی گرانە؟! دەبێت پارەکەی بدەیت، مەگەر نانەوێت بگۆڕێیت؟ مەگەر نانەوێت باشتربیت؟ ئەگەر دەتەوێت رێگەکەی بدۆزیتەوە دەبێت پارەکەی بدەیت. ئەگەر نایدەیت، دەی نەفامی تاقی بکەرەوە.

لە بیرتان نەچێت سەرکەوتن، لێهاتووییە، وەك هەر لێهاتووییەکی تر، بەخێربوون و ڕاهێنان فەراهەم دەبێت، ساماندارببوون لێهاتووییەکە، لێهاتوییەکی زیهنی، دەبێت ڕاهێنانی لەسەر بکەیت، ڕاهێنانەکەیش ئەوەیە کە باسمانکرد، ئێستا زیهنت سەرقاڵ و مشتومڕ لە زیهنتدایە، هەرکە باسی پارە دەکرێت، مێشکت دنیایەك نموونەی نێگەتیف وێنادەکات، کێشە نییە، قەبوولی بکە، باوەڕە خراپەکانت سەبارەت بە سەروەت و سامان، بنووسە. کە چۆن سەبارەت بە پارە بیردەکەیتەوە، لە ڕابردوودا چیت بەسەرهاتووە، چیت پێ گوتراوە، چ کەسانێك پێشەنگت بووە و بیانگۆڕە.

ئەو نموونانەی کە وەکوو پێشەنگ باسم کرد، ئێوەیش دەتوانن سبەینێ و دووسبەی بێن و لە سیمینارەکانی تردا ببنە نموونە، بڵێن ئێمە هاتووین بۆ ئێرە بەڕێز موعەزەمی تۆ هەڵەت کرد، من نەبووم بە ملیۆنەر، بووم بە ملیاردێر. بەم شێوەیە سەرسامم بکەن.

دەمەوێت تکاتان لێ بکەم پەیمان بدەن لەم چرکەساتەوە هەرهەنگاوێك دەنێن بۆ ئەوەبێت کە شاد و ساماندارتربن. ناڕاحەتی هەم بارمەتی خۆتان داوە، هەم بارمەتی خێزانەکەتان داوە، هەم بارمەتی وڵاتەکەتان و جیهانیشتانداوە. دڵێکی شاد و لێوێکی پڕ لە خەندە بۆ هەموولایەکتان، شاد و ساماندارببن.. خواتان لەگەڵ.

.ئایا دەخوازن بە ئاسانی و بە خێرایی دەوڵەمەند بن؟
.ئایا دەخوازن هەم شاد بن و هەم بە ئاسانی پارە پەیدا بکەن؟
.ئایا دەخوازن بۆ هەمیشە لە تەنگەژانی ئابووری ڕزگارتان ببێت و
لە هەژاری و دەستکورتی ڕەها بن؟
.ئایا دەخوازن بەرەو دنیای سەربەخۆی ئابووری هەنگاو بنێن؟
.ئایا دەخوازن بچنە تەیفەی دەوڵەمەندەکانەوە؟
ئەگەر دەخوازن، پیرۆزبایتان لێ دەکەم هەڵبژاردنەکەتان دروستە.
وانە و ڕێنماییەکانی ئەم کتێبە (مو بە مو) ئەنجام بدەن.
تا ئەنجامە سەرسوڕهێنەرەکەی بە چاوی خۆتان ببینن.



بیرک. ئیبراهیم صفی

لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما
نرخ (٣٠٠٠) دینار